چیرۆک

# منالٚ پەروەر

فاروق هۆمەر



1

من دەمزانی ئەو گوندە غەریبو پڕ کێشمە کێشە، کە دەمێک بوو مامۆستای گوندەکەیان لەگەڵ
هـەڵاتنی خـۆی، قوتابخانەیـەکی لـەنێو ئـەو سروشـتە بەهەشـتیەدا، بـۆ چۆڵـو هۆڵی و کۆمەڵێک منداڵی
ڕەشـو ڕووتیشـی بـۆ بێنـازی بـە جێهێشـتبوو، وا بـە ئاسـانی بـەو ناگۆڕێت . ئەوێک کە وەک خۆی
دەیگووت هەموو ژیانی لە نێو کتێبا بردبوە سەر .
ڕوداو و کارەساتەکانی ئەم دنیایەی تەنیا لە دوو توێی کتێبا خوێندبۆوە . بە درێژایی ژیانیشی
نە خۆشەویستی کردبوو نە شەر . تا ئیستاشی پێوە بێت کە لە نێو گۆڕا، بێ خەم لێی ڕاکشاوە
نە دەنگی بەسەر کەسێکا بەرز کردبۆوە و نە دەستیشی لە کەسێک داهێنابۆوە . لەسنوری
شارەکەی خۆشیان بترازێت شوێنێکی دی نەدیبوو . ئەو دەیزانی کۆمەڵێک گوند و شارۆچکەی
دی لەدەرەوەی شارەکەی ئەودا هەن . بەڵام نە ناویانی بیست بوو و نە هیچیانی دی بوو، تەنیا
ئەوەندە نەبێ، کەسانێکی ناسی بوون کە لە کاتی خوێندنیا، هاوپۆلی بوون و منداڵانی گوند بوون .
ئەو کاتەی فەرمانی دامەزراندنی بۆ گوندی ( پەپولە ) دەرچووبوو، یەکسەر بیری بۆ گوندێکی
خەیاڵی ناو کتێبەکان چووبوو کە پڕیبوو لە پەپولە . بێ لە پەپولە بیری لە شتێکی تر نەکردبۆوە .
دونیایەک پەپولەی ڕەنگاو ڕەنگی هێنابووە پێش چاوی خۆی کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە
گوندێکی خەیاڵیدا بێ ماندوو بوون دێن و دەچن و ژیانیان پڕ کردوە لە خۆشنوودی .
من لێم پرسی کە تۆ مامۆستایت نەدەبوو بیرت لەو منالانە بکردایەتەوە کە دەبوو وانەیان
پێ بڵێیتەوە . بە خەندەیەکەوە کە پڕ بوو لە شەرم پێی گوتم :
( ئاخر من تەنیا بیرم لای پەپولەکان بوو ) .
ئەو بەردەوام باسی ئەو کاتانەی بۆ دەکردم کە بڕیاری دابوو، لە گوندەکەی ئێمە بێتە مامۆستا .
پێی دەگوتم : ( ئەوە بۆ من ژیانێکی تازە بوو، دابڕان بوو لە دونیای کتێب و مامەڵە کردن بوو
لەگەڵ ژیانێکی هەقیقی . بڕوا بکە ئیستاش نازانم چۆن ئاوا بە خێرایی خۆم ئامادە کردو ڕووم
کردە ئێرە ) .
( تۆ کوڕی شاریت ؟ ) .

به ڕوانینێکی پڕ له شەرمەوە گوتی : ( بەڵێ ) .
ئیدی هەردوکمان پێکەنین . له نێو ئەو دەشته فراوانەدا قاقا پێکەنین .
( تا ئیستا گوندت نەدیوه ) .
( ئەمه یەکەمین جاره ) .
منیش بۆ یەکەمین جارم بوو کوڕێکی شاری ببینم . هێشتا ئەو ڕۆژەم بیر ناچێتەوه که به پانتۆڵێکی کابۆی ڕەش و بلوسێکی جەرگی و جوتێک کالەی سورەوە، به قژێکی درێژ که بەسەر شانوو ملیا شۆڕببونەوه خواریَ، پێینایه گوندی پەپولەوه . خۆی و جانتایەکی ڕەش که پڕی بو له کتێب .
( تۆ خەڵکی گوندی پەپولەیت ) .
( نا .. من خەڵکی گوندی بەربەیانم، بەڵام بۆ ماوەیەک دەچێت لێره له گوندی پەپوله دەژیم ) .
( ئەم گوندانه جوانن .. ئەڵێی کیسەڵن بەسەر پشتی ئەو شاخانەوه گیرساونەتەوه ) .
( پێت چۆنه دانیشین و بەدەم حەوانەوەوه جگەرەیەک بکێشین ) .
( بۆ نا، منیش پێم خۆشه ) .
لەسەر کانی و ئاوێک له قەراخی ڕێگەکه دانیشتین . من تورەکەی توتنەکەم دەرهێنا تا سیغارێک بپێچمەوە، ئەو پاکەتەکەی دەرکرد و جگەرەیەکی بۆ ڕاگرتم و ئاماژەی بۆ کردم که لێی وەربگرم .
هەردوکمان دەستمان کرد به جگەره کێشان . بەدەم هەڵمژینی جگەرەکەیەوه پێی گووتم :
( هەموو شتێک له سروشتا تامی خۆی هەیه، هەست دەکەیت هەموو شتەکان زیندون و گیانیان تیایه .. سروشت تاکه شتێکه که خواوەند دەتوانیَ تا ئەبەد منەتمان بەسەرا بکات) .
ئەو به خۆشەویستیەکی گەورەوە تەماشای چوار دەوری خۆی دەکرد، لەگەڵ هەموو شتەکاندا دەدوا و قسەی لەگەڵ دەکردن . به سەرسامییەوە تەماشای فرینی کلاوکوڕه و قاز و قولینگەکانی ئاسمانی دەکرد . خوڕەی ئاو و جولانەوەی گەڵای درەختەکان لای ئەو سەیر بوون . به خۆشیەوه تەماشای شۆڕبوونەوەی لێرەوار و نشێوەکان .. هەڵگەڕانەوه و بەرزبوونەوەی یاڵ و کێوەکانی دەکرد . تەنانەت به نەوازشەوه له کرم و کیسەڵی ڕێگاو بانەکانیشی دەڕوانی .
که له کێشانی جگەرەکانمان بوینەوه، پێم گووت :
( بیرت لەوه کردۆتەوه که ژیانی لادیَ، وەک ژیانی شار ئاسان نییه ) .
( بروا ناکەم سەخت بێت ) .
( دەبێت بچیته کێو بۆ دارهێنان .. ئاگر کردنەوه و دارشکاندن ) .
( بەلای منەوه ژیان وەک گۆرانی وایه .. ئەگەر مرۆڤ بەختەوەر بێت هیچ شتێک مەحاڵ نییه ) .
گوندی پەپوله له قەڵایەک دەچوو له ژێر هەورەکاندا دروست کرابێت . ڕێگایەکی باریکی پێچاو پێچیش کەوتبوه ڕۆژهەڵاتی گوندەکەوه، که تاکه ڕێگایەک بوو هەم بۆ چوونه ژورەوه و هەم بۆ هاتنه دەرەوەش له گوندەکه بەکار دەهێنرا . بەر لەوەی پیَ بنێیته ناو گوندەکەوه دەیان ڕێچکەی ترت دەبینی که دەهاتنەوه سەر ئەو شارێگەیەی ئێمه گرتبومانه بەر، هەندێکیان بۆ سەر کانی و ئاو و زەوی و زارەکانی گوندەکه و هەندێکیشیان ئەو گوندانەی دەروبەریان دەلکان به گوندی پەپولەوه . هەر هاتوویەک که ڕێی دەکەوێته ئەم گوندە، یەکەم شتێک تێبینی ئەوه دەکات که گوندەکه وەک ئەژدیهایەک بەسەر سەریەوه ڕاوەستاوه . هەمیشه خۆی لەخوارەوه و گوندێک لەسەروو خۆیەوه دەبینێت . دەبێت بەردەوام و بیَ بڕانەوه بۆی سەرکەوێت . سەرکەوتن

هەناسەت لێدەبڕێت و لەپەل و پۆت دەخات و تۆ هێشتا هەر نەگەیشتویت . بە درێژایی ڕێگەکەش یەک دوو جار نەبێت توشی شۆربوونەوەیەک یان داگەڕانێک نابیت . گردۆڵگە لە دوای گردۆڵکە هەناسەت لەبەردەبڕێت .
هەر دەڕۆیت و ناگەیتە گوند، هەمیشەش هەستێک دەبێتە هاوڕێت و بە درێژایی ڕێگەکە لێت نابێتەوە . ئەو هەستەش ئەوەیە کە تۆ بڵێی بە زیندویێتی بگەیتە گوند . بینینی ڕێگەکە بێ هومێدییەکی وات تیا دەڕوێنێت کە گەیشتنە گوندت وەک مەحاڵێک پێ نیشان دەدات .
گەیشتنە گوندی پەپولە ئەوەندە سەختە، هەر ڕێبوارێک کە بۆ یەکەمجار ڕووی تێکردبێت لە دڵی خۆیدا ئەو بڕیارەی داوە کە جارێکی دی بە درێژایی ژیانی ڕووی تێنەکاتەوە . نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئیدی جارێکی دی بیر لە بڕینی ڕێی هیچ گوندێکی دی نەکاتەوە .
بەڵام هەر ئەوەندەی ئاشنا بویت بە ئاوو هەوای گوندەکە، ئیدی زۆر سەختە بتوانیت بڕیاری بە جێهێشتنی بدەیت . بەردەوام تۆ لە خوارەوەیت و گوندێکیش لەسەرەوە . تا بەرزایش تەواو نەبێت، نە درەختێک، نەماڵێکی گوندەکە نابینرێت . هەر کە بەرزاییش تەواو بوو، ئەوەت بە خەیاڵدا دێت کە تۆ لەبەرزترین شوێنی ئەم دونیایەدایت . بڕوا ناکەیت شوێنێکی دی لەم شوێنە بەرزتر هەبێت . یەکەم شتێکیش کە دێتە پێش چاوت، درەختێکی پیری باڵا بەرزە کە چڵ و لق و پۆپەکانی ئەوەندە بە ئاسماندا بەرز بوونەتەوە کە ئاستەمە لە زەوییەوە کۆی درەختەکە ببینیت .
هەر کە درەختەکەی بینی، لە شوێنی خۆی بەرزبۆوە و هاواری کرد .
( واو .. ئەوە چییە .. ئەوە چ درەختێکە ؟ ) .
بەر لەوەی لە بڕینی بەرزاییەکە بینەوە، پێم گووت : ( ڕاستە تا دەگەیتە ئێرە شەکەت و ماندو دەبیت و هەناسەت لەبەر دەبڕێت . بەڵام بڕینی ئەو بەرزاییەش بۆ خۆی بێهودە نییە ) .
ئەو گەیشتبووە حاڵێک کە نەیدەتوانی هیچ بڵێت . هەستم ئەکرد چاوەڕوانە من نهێنییەکی بۆ بدرکێنم . لە شوێنێکا وەستاین کە چەند هەنگاوێکی مابوو سەرلەبەری گوندەکەت لێ دەرکەوێت . ئەو بە تەواوی هەناسەی لێ بڕابوو . لەبەر خۆرەتاوەکەدا شل و شەکەت پاڵی دابۆوە بە گاشە بەردێکیەوە، کە لایەکی کەوتبوە ژێر سێبەری دەوەنێکەوە . هەردوکمان لە یەک کاتا تەماشایەکی خوارەوەمان کرد . بە پێکەنینەوە، پێمگووت :
( بڕوا ناکەم لە ژیانتا بەرزایی وات دیبێ ) .
( دەشێ وا لێی بڕوانیت کە ئێرە کۆتایی جیهانە ) .
لەو بەرزاییەوە کە بۆ خوارەوە دەڕوانیت، هەموو شتێک بچوک دەنوێنێت . گردۆڵکەیەک وەک گوێزێک و درەختێکیش وەک مێرولەیەک دەبینیت .
( چەند هەنگاوێکمان ماوە بۆ ئەوەی گوندەکە بەتەواوی دەرکەوێت ) .
( ماندوو بوون ئەوەی لە بیربردومەتەوە کە خەیاڵ لە گوندەکە بکەمەوە ) .
( کە بەرزاییەکەمان بڕی، گوندەکە وەک خاتونێکی جوان خۆیت نیشان دەدات .. خاتونێک کە هەست دەکەیت تەنیا پارچە قوماشێکی تەنکی لە خۆی ئاڵاندوە و بەرەو لای تۆ ڕادەکات ) .
هەردوکمان لەبەردەم نیگاری گوندەکەدا، بێدەنگ ڕاوەستابووین . لەلایەک شەکەت و ماندوو بووین و لەلایەکی دیش جوانی گوندەکە، وای لێکردبووین کە تاماوەیەک نەتوانین گۆ بکەین .
هەر ئەو نا، هەرکەسێک بۆ یەکەم جار ڕێی کەوتبێتە ئەم دێیە، بۆ ماوەیەک لە بینینی ئەو درەختە توشی سەرسامی بووە . درەختێکی پیری کۆنە ساڵ کە ئەوەندەی بپرسی و لێی بکۆڵیەوە

کەسێک نییە پێت بڵێت تەمەنی چەندە وچۆن ڕواوە و کێ ڕواندویەتی و لە کەیەوە لەوێدا قووت بۆتەوە . پیرترین پیاوی دێ بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێت :

( کە من لە دایک بووم ئەو درەختە هەبووە، باوکیشم بە یادیا نەهاتووە

لە کەیەوە ئەو درەختە هەیە ) .

پیرێژنێکیش کە ددان لە دەمیا نەماوە و جارجارەش لە قسە کردن دەوەستێ و چاوە سپییەکانی دەنوقێنێ، پێیوایە لەوەتەی هەیە، ئەو درەختە هەر وابووە . ئەو دەڵێت ئەو کاتەی منداڵ بووە ئەو درەختەش هەر وەک ئیستای بەژنو باڵای لە ئاسماندا بووە . ئەو پیرێژنە دەیان حیکایەتی لەسەر ئەو درەختە هەڵبەستوە و هەزاران خەونی بەو درەختەوە دیوە . بە پێی یەکێک لەو حیکایەتانەی ئەو کە لە خەونێکیا دیویەتی، کچ و کوڕێکی ئەم گوندە عاشقی یەک بوون، عەشقی ئەوان ئەوەندە جوان و پاک بوە، هاوتای عەشقی شیرین و فەرهاد . بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕەکە هەژار بوە، دایک و باوکی ڕازی نەبوون ئەو عەشقە بگاتە ئاکام . ئیدی کچە و کوڕە بیر لە هەڵاتن دەکەنەوە . ئەو بەرەبەیانەی هەڵدێن، باوکی کچە پێدەزانێ و هەردوکیان بە ساچمە زەن دەگوژێت ..

پیرێژن سوێند دەخواو دەڵێ، من لە خەونەکەمدا زۆر بە ڕونی دیتوومە، چۆن کوڕەکە بۆتە ئەو درەختەو کیژەکەش بۆتە زێ . هەر ئەو پیرێژنە بەدەم ئاهێکەوە کە پڕیەتی لە خەم و کەسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت :

( ئێمە هەمومان جوانی خۆمان دەبەخشین بەو درەختە، ئەو درەختە ڕەگو ڕیشەی لەناو هەناوی پیرو گەنجی ئەم گوندەیا، داکوتاوە . ئاو و خۆراک لە گیان و ڕۆحی ئێمە وەردەگرێت ..

هەمووومان، پیر دەبین و ئەو جوان دەبێتەوە .. ئێمە دەمرین و ئەو منال دەبێتەوە ) .

2

ڕۆژێکیان، ڕۆژێکی گەرمی مانگی گەلاوێژ، سواری ماشێنێکی جوتیاری دوا بەتاڵ بووم و بەرەو ئەو دێیە کەوتمە ڕێ کە تەنیا فەرمانێکی پەروەردەیی نەبێ، هیچ شتێکی دی منی بەوێوە نەدەبەستەوە . من مامۆستا و عەشقێکی بێ سنورم بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵان لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو . لای من منال هەموو شتێک بوو، خەندەو خۆشی ژیان . کەماڵی دونیا . منالم لە پاشایەک بەنرخ تر دەبینی و پێم وابوو، ئەو دەمەی کە سەربازێک گوندێک کاول دەکات، کاتێک چاوی بە منداڵێک دەکەوێت، دەبێت تفەنگەکەی فڕێبدات و کرنۆش لەبەردەم گەورەیی ئەودا ببات . هەندێک لەوانەی کە منیان دەناسی ناویان لێنابوم ( منال پەروەر ) . منال پەروەرێکی خەیاڵی .

بەڵام من لە ڕۆژگارێکا بیرم لە مامۆستایەتی دەکردەوە کە برسێتی و پاشماوەی جەنگ دونیای بەتەواوی داڕزاندبوو . کاتێ سیمای خەڵکت دەبینی، بە ڕونی هەستت بەوە دەکرد کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەها جوانەکانی ژیان بەرەو داڕمان دەچێ . دەتبینی کە چۆن خەمی نان، ژیانی پڕ کردبوو لە نەهامەتی .

ئەو دەمەی جانتاکەم هەڵگرت و ویستم ماڵەوە بە جێ بهێڵم، وتەکانی باوکم تا یەک دوو ڕۆژ لە

مێشکاما دەزرنگانەوە . باوکم دوچاری نەخۆشیەکی خەمۆکی درێژ خایەن ببوو . لە لێواری مەرگ و ژیان، لە سەر پێخەفەکەیەوە سەرێکی هەڵبری و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، قوڕگی پڕ بوو لە گریان و گوتی : ( کوڕم مەڕۆ، لەهەر کەس زیاتر ئێمە پێویستمان پێتە ) .
( بەڵام باوە، ناتوانم بە تەنیا بیر لە خۆم بکەمەوە، مندالآنی ئەم وڵاتە چاوەڕوانی ئێمە دەکەن ) .
( کوڕم جرتێک بۆ وڵات لێدە .. ئەوەتا سەرکردەکان شتێک نەما ئاودیوی نەکەن . ئەگەر بۆیان بکرێت خاک و ئاو هەواش دەگوازنەوە ) .
( باوە گیان من سەرکردە نیم، مامۆستام .. پیاوێکی سادە و ئاسایی .. کە خەمی نیشتمان لە ناخما وەک پشکۆ داگیرساوە ) .
باوکم گریا و ڕووی کردە دایکم، کە لەو کاتەدا بە جامێک ئاوەوە لە پشتمەوە ڕاوەستابوو چاوەڕوانی دەرچونی منی دەکرد تا بڕۆم و لە دوامەوە جامە ئاو بڕژێنێ و دونیا پڕ بکات لە ڕۆشنایی، گووتی :
( بڕۆ هەر لەناو خەون و خەیاڵدا بژی، دەتبینم چۆن لە برسا دەمریت ) .
دەرچون لە ماڵ و بە جێهێشتنی باوکێکی نەخۆش کە ئێستا نا تاوێکی دی، مردن دێت و لەگەڵ خۆی ڕایدەفڕێنێت، باری شانی قورس کردبووم . بۆیە نە ئەو دەمەو نە ئێستاش ئەو ڕۆژەم بیرناچێتەوە کە بۆ یەکەم جار ڕووم لەو دێیە نا . بەبێ ویستی خۆم هەنگاوەکانم بۆ ئەوێیان کێش دەکردم . بەرەو گوندی پەپولە . لەگەڵ ئەوەشا وردە وردە  ئەو دوو دڵی و نیگەرانییەی کە تەنگی پێ هەڵچنی بووم لە ناخما دەرەوییەوە . بۆ خۆشم نەمدەزانی ئەو هێزە چی بوو پاڵی پێوە دەنام و تا دەهات پڕی دەکردم لە دڵنیایی و بەرەو ئەوێی کێش دەکردم . بەردەوام هەستم دەکرد کەسێک لەوێ بانگم دەکاو چاوەڕێمە . کەسێک کە تەواوێک سیمایم بۆ جوێ نەدەکرایەوە لەوەی کە ژنە یان پیاو، پیرە یان گەنج، پەرییە یان مرۆڤ . لەیەکبینە هاواری لێ دەکردم و پێی دەگوتم :
( هەنگاو بنێ و مەهێلە نیگەرانی بەسەر ڕۆحتا زاڵ بێت .. تۆ بۆ ئەوە خولقاویت کە دڵی منالآن ئاسودە بکەیت . ژیان تابلۆیەکە دەبێت پەرەموچەی خۆتی لێ بخەیتە کار و هونەری خۆتی تیا نیشان بدەیت .. گۆرانی خۆت بڵێ .. ڕەنگە ژیان تەنیا چرینی گۆرانیەک بێت ) .

ئەو شوفێرەی کە منی لەسەر ئەو تولە ڕێیە دابەزاند کە لەوێوە بۆ گوندەکە دەچوو، ئاماژەی بۆ شاخێک کردو بە تەوسێکەوە کە پڕی بوو لە سوکایەتی پێ کردن، گووتی : (  ئەوە گوندەکەیە، مندالەکانیان هەموو چەکدارن و چاوەڕوانی تۆن فێریان کەیت چۆن گوللەکانیان بهاوێژن ) .
هەموو ئەوانەی کە لە ماشێنەکەدا بوون پێکەنین .
من دەمزانی ئەو دونیایەی کە تیا فامم کردبووە و تیا درێژەم بە ژیان دەدا، سەرتاپای نوقمی خوێن و زەبرو زەنگ بوو، بۆیە قسەی شوفێرەکە نیگەرانی نەکردم و نیشانێکی خراپی لە دەرونما جێ نەهێشت .  لەو چرکەساتانەدا ناهومێدی لە هومێد پرتر و ژیان بەتەواوی لە نێو شەپۆلەکانی سەرگەردانیا نقوم ببو .
شەر دونیای شەلاڵی خوێن کردبوو .. منیش پیاوێکی سەرکێش بیرم لە ئاوەدانکردنەوەی ژیان دەکردەوە .. هەمیشە ئەوەم لە پێش خۆم دانابوو کە دەبێت بەر لە هەموو شتێک بیر لە منالەکان بکەینەوە و نەهێڵین ناهومێدی خۆی بگەیەنێتە ڕۆحە ناسکەکانی ئەوان .  ئەو منالآنە ئەو گوڵە جوان و گەشاوانەن کە دەبێت زەمینەی شیاویان بۆ برەخسێنرێت و نەهێڵدرێت بژاکێن .

ئەو کاتەی کە منداڵەکان، بۆگەن بوون و وەک درەختێکی زرپیان لێهات . ئیدی دەست لە ژیان بشۆ و جرتێکی درێژ بۆ دونیا لێدە . بەڵام من دڵم هێندە گەش و پڕ هیوا بوو، وامدەبینی کە بەتەنیاش پێم دەکرێت بەرەنگاری ئەو هەموو نەهامەتیانە ببمەوە کە دەرهەق بە منداڵان دەکرا .

( کەس ناچاری کردبووی بێیتە ئێرە . ناترسی لەوەی لێرە، لەم چۆڵەوانیەدا توشی سەد دەرد و کوێرەوەری ببیت . ژیان لێرە ئاسان نییە زەحمەتە ) . ئەمە وتەکانی ئەو گەنجە بوو کە لە شوێنێکی ڕێگاکە پێم گەیشت و بووە هاوڕێ و هاوسەفەرم بۆ گوندەکە .
( بۆ دەتەوێت لە ئارەزوویەک دڵساردم بکەیت کە من تەمەنێکی خۆمم بۆ تەرخان کردوە و خەونی پێوە دەبینم . هاتووم ڕۆحی منالەکانتان لە تاریکی رزگار بکەم ) .
( مامۆستا خۆت مەخە ئەم تەنگانەیە و تا زووە برۆ و ڕۆحی خۆت رزگار بکە ) .
گوێم لێبوو دوو کەس کە یەکێکیان پیرەمێردێکی بەساڵا چوو بوو، لێمانەوە زۆر دور نەبوون و لە پێشمانەوە گوێیان بۆ قسەکانی ئێمە ڕاگرتبوو، هەردوکیان پێکەنین و یەکیان گوتی : ( بە خوا مامۆستایەکی گەلحۆیە، هاتوە خووی منداڵەکانمان شڕ بکات ) . ئەوی دیان کە گونیەیەکی لەسەر شان بو، کەمێک وەستاو خۆی ڕاست کردەوە و گووتی :
( هەندێکیان لە برسا ڕوویان لەم دێیانە کردووە، حکومەت ناتوانێت بیانژێنێت ) .
ئەوەیان گوتو ئیدی ملی تولە ڕێیەکیان گرتوو لە یاڵەکەوە بەرەو شیوو دۆڵ و هەزار بە هەزارێک داگەڕان .
من ڕویشتن ماندوی کردبووم، لە نزیک کارێزێک کە لەناو ئەو سروشتە جوانەدا هەڵدەقولی و لە دوای خۆیەوە جۆگەلەیەکی وەک مار پێچ خواردووی دەخزاندە خوارێ، پێکەوە دانیشتین .
ئەو خۆی خەریکی جگەرە پێچانەوە کرد، منیش جگەرەیەکم بۆ ڕاگرت و فەرمووم لێکرد .
( ئەمە بکێشە ) .
( دەستت خۆش بێ ) .
( دەکرێت بزانم کە تۆ لێرە چ کارەیت ) .
( من پێشمەرگەم ) .
( پێشمەرگە .. هەست ناکەیت ئیتر کاتی پێشمەرگایەتی بەسەرچوو . ئێمە ئیستا پێویستمان بە چەکدار نییە ) .
( دەزانم، بەڵام من تازە چ کارێکی دی نازانم، چەکداری نەبێت ) .
( ئاخر ئەوە جۆرێکە لە بەدبەختی .. ئێمە پێویستمان بە گۆڕانە .. من دڵنیام زۆر کاری ترت پێ دەکرێت ئەگەر بۆ خۆت ئارەزووت لێ بێت ) .
( من تازە لەسەر پێشمەرگایەتی ڕاهاتوم . لام وایە ئادەمیزاد بە بێ چەک وەک تەپاڵە وایە ) .
سەرێکی بۆ من هەڵبڕی و بە چاوە تیژەکانی کەوتە تەماشا کردنم، ڕوخساری زیاتر بە کەروێشکێک دەچوو . لوتێکی قنج و باریک و لەشێکی ڕیوەڵەی بچووک، بڕوا ناکەم چواردە ساڵی تێپەڕاندبێت .
( من بە هیوا بووم داوات لێ بکەم، کە بێتە یەکەم قوتابی من ) .
دیار بوو داواکەم بێزاری کردبوو، دڵی توند لێی دەدا و هەوڵی دەدا ئارامی خۆی نەشێوێنێت .
( بمبەخشە ئەگەر بێزارم کردبێت .. ڕەنگە قسەکانمت بە دڵ نەبێت ) .

( نا من گەلێک مەمنونی تۆم، هەرچۆن دڵت دەخوازێت، ئاوا قسە بکە ) .
تا ئیستا هیچ کەسێک بە باوکیشمەوە ئاوا وەک تۆ بە چاوێکی ڕێزەوە تەماشای نەکردووم ) .

کە لە گردەکە داگەڕام یەکەم شتێک کە سەرنجی ڕاکێشام، ئەو درەختە پیرە کۆنە ساڵە بوو کە چڵ و لقو پۆپەکانی خۆیان گەیاندبووە ناوکەشکەڵانی ئاسمان . درەختێکی چڕ و پڕ کە لە دورەوە و لەناو جەرگەی درەختەکەدا، هەستم بە شتێکی سەیردەکرد و وام دەهاتە پێش چاو کە درەختەکە سیمای پیرەمێردێکی خولقاند بێت . ئەوەی من بینم سیمایەک بوو کتومت سیمای مرۆڤ . تۆ بڵێی پیرەمێردێک خۆی لەناو درەختەکەدا حەشار نەدابێت . . چۆنێتی بەیەکا چوونی گەڵاو لق و پۆپەکانی و ئەو بایەش کە جار جارە درەختەکەی دەهەژاندەوە وای لێدەکردم زیاتر هەست بەو شێوە و ڕوخسارە بکەم . نازانم چاوم ڕێشکە و پێشکەی دەکرد یان ئەوەی من دەمبینی ڕوداوێکی ڕاستی و هەقیقی بوو . لە دامینی درەختەکەوە، چەند گۆڕێک هەبوون . کە سەرماو سۆڵە و بەفرو باران بەشێکی زۆری لە کێلی گۆڕەکان داڕزاند بوو . تۆ بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناو سنگی یەکێک لەو گۆڕانەوە ئەم درەختە نەشونمای نەکردبێت و گەورە نەبووبێت . بۆ نا . درەختێک ناو سنگی پیاوێکی مردووی، شەق کردووە و هاتۆتە دەرێ، دەست و پەنجە و لەش و لاری ئەو پیاوەش گۆڕاون و بوون بە لق و پۆپ و گەڵاکانی ئەو درەختە . ئەو دیمەنە بۆ تاوێک ڕایگرتم و بەسەرسامی لەو درەختە زەبەلاحەم دەڕوانی، کە ڕەنگە ڕۆژگارێک بێت و لە هەموو دونیاوە خەڵکان بێنە سەردانی و وێنەی لە پاڵا بگرن . بەڵی ئەوەتا ڕوخسارێک تا لێی ورد دەبیتەوە، زیاتر خۆیت نیشان دەدات و لەناو پەنهانی دێتە دەرەوە . پیرەمێردێکی ڕیش سپی، بە دوو چاوی گەورەی کراوەوە دەڕوانێتە چیاکانی بەرانبەری . دوو چاوی گەورە کە ڕۆشناییان لێ دەتکێت . پیرەمێردەکە پشتی کردبووە گوندەکەو زۆر بە وردییەوە تەماشای ئەو ڕێگەیەی دەکرد کە ڕێگەی هاتنە ژورەوە بوو بۆ ناو گوندەکە . من لەشوێنی خۆم وەک پەیکەرێک ڕاوەستابووم و بە ڕوانینێک پڕ لە ترس و سەرسورمان لەو یەکەم ساتەم دەڕوانی کە بۆ یەکەمجار ئەو درەختەم تیا بینی . بە خۆم دەگوت ڕەنگە من پیاوێکی خەیاڵی بم .. دەنا ڕوخساری پیرەمێردێک لەناو ئەو درەختەدا شتێک نییە جێگای باوەڕکردن بێت . بەڵام من هەستم پێ دەکرد . هەستم بە ڕوخسارێک دەکرد کە خاوەنی دڵێکی ڕۆشنە و هیچ گرفتارییەک نیە لە دونیادا دڵی تەنگ بکات .

حەزم دەکرد دەنگم هەڵبڕم و گۆرانی پچڕم .. هەموو ئەو گۆرانییانەی کە بەدرێژایی ژیان عاشقەکان بۆ مەحبوبەکانیان گوتوە .. عاشقەکان بۆ دونیا و بۆ زیندەگانیان چڕیوە .. بە سینگی فەرهاد .. بە قورگی سیامەند .. بە دڵێک کە هەر بۆ خۆی دڵی زەمینە . دڵی سروشت و دڵی هەموو ئەو باڵندانەیە کە لێرەو لەوێ بۆ تاوێک دەچرکێنن و ئیدی ڕەنگە بۆ هەتا هەتایە گوێت لە دەنگیان نەبێتەوە . ئەی ڕەشەبا وەرە و ئەم گۆرانیەم لەگەڵ خۆت بەرەو بیگەیەنە گوێی هەموو ئەوانەی کە لە دێر زەمانەوە تا ئەمڕۆ و تا ڕۆژگارەکانی داهاتووش بیر لە عەشق و ئەڤینداری دەکەنەوە و دڵیان پڕە لە ڕاز و نیاز . . پڕە لە جوانی .. ئەم گۆرانیەم هەڵگرەو بیگەیەنە گوێی ئەو کەسانەی کە دڵیان تێکەڵی ئەفسون و سیحری ژیان کردوە .. حەزم دەکرد دەنگم هەڵبڕم و تا هێزم تیایە بقیژێنم .. بقیژێنم و دەنگم بۆ هەمیشەیی لەو خامۆشییە بێکۆتاییەدا بزرنگێتەوە . بگرمێنم وەک هەور و ببارێم وەک باران و دونیا بە فرمێسکی چاوەکانم بشۆمەوە .

ئەو درەختەم لە هەموو شتێک لا ئازیزتر بوو .. درەختێک لەناو کەماڵی خوداییدا ڕاوەستابوو، پاسەوانی و شەونخونی بە دیار گوندەکەوە دەکێشا . دەنگێک لە ناگەهانەوە، لەو شوێنەوە کە تەنیا ڕۆحە جوانەکان پەی پێ دەبەن، دەهات و پێی دەگوتم ( تۆ ڕاست دەکەیت و شێت نەبویت . بەڵێ ئەوە ڕوخساری پیرەمێردێکی هەقیقیە کە سالەهای ساڵە لەناو ئەم درەختە دا ئێشک لەم گوندە دەگرێت . ڕێ لە نەفرەت و بەدبەختی دەگرێت خۆی تێکەڵی ڕۆحی ئەو خەڵکانە بکات کە لێرە دەژین . تا ئیستا تۆ تاقە کەسێکیت کە هەستت بەو ڕوخسارە کردبێ، هەزاران کەس بەم ڕێگایەدا هاتون و چوون .. شەکەت و ماندوو تێپەڕیون و ئاوڕێکیان لێرە نەداوەتەوە .. دانیشتون و جگەرەیەکیان لێرەدا پێچاوەتەوە و بەدەم حەسرەتەوە دونیایان پڕ کردوە لە دوکەڵ و منیان نەدیوە . تۆ تاقە مرۆڤێکیت کە هەستت بە ڕۆحی من کرد و منت دۆزییەوە . من هێشتا لەناو سەرسامی و ترس و بینینا نەمئەزانی چیبکەم، هاوسەفەرەکەشم دەمێک بوو لەناو گەیشتن و نەگەیشتنا لێم جودا بوبۆوە . لە دورەوە لەناو هەناوی درەختەکەدا پیرەمێردەکە جولا .. بەناو قەدی درەختەکەدا داگەڕا و بە هێزو توانای منداڵێکەوە هاتە خوارێ . من هەڵە نەبووم .. بە چاوانی خۆم پیرەمێردەکەم بینی .. لە ژێر درەختەکەدا ڕاوەستا بوو .. لە پشتیەوە هەزاران پەپولەی ڕەنگاو ڕەنگ دەخولانەوە .. قسەی گەنجەکەم بیر کەوتەوە کە دەیگوت :

( من لەوەتەی لێرە دەژیم، پەپولەیەکم نەدیوە، بڕوا ناکەم کەسێکیش لێرە پەپولەی دی بێت . بیریش لەوە مەکەرەوە لێرە پەپولەیەک ببینیت تەنانەت لە کاتی پشکوتنی گوڵ و گوڵزاریشا .. پەپولە لێرە نییە .. )

( ئەی بۆ ئێرەیان ناو ناوە گوندی پەپولە )

( کەس نازانێت بۆ، هەرچیەک هاتوتە ئێرە چاوی بۆ پەپولە گێڕاوە . بەڵام نە پەپولەی دیوە و نە زانیویشیەتی بۆچی ئێرەیان ناو ناوە پەپولە ) .

من نیگام لەسەر پیرەمێردەکە بوو، کە لە پشتیەوە پەپولەکان شەپۆلێکی ڕەنگاو ڕەنگیان پێک هێنابوو .. پەڵەیەک پەپولەی سور .. پەڵەیەک پرتەقاڵی .. پەڵەیەک سەوز و ئەرخەوانی .. پەڵەیەک زەردو شین .. پەپولەکان لە سەرتاپای درەختەکە ئالابوون . تاوێک تێک دەئالانو بە ناو یەکا پەرش و بلاو دەبونەوەو هەزاران ڕەنگی جیاوازیان دەخولقاند، تاوێکیش هەریەکەیان دەگەڕایەوە بۆ ناو شەپۆلە ڕەنگییەکەی خۆی و کۆک و هارمۆنی لە شوێنی خۆیانەوە دەفرین .

ئەوەی من دەمبینی کەرنەڤاڵ بوو .. کەرنەڤاڵی پەپوولە . من نەمئەزانی بڕۆم یان بوەستم .. دەستم هەڵبڕم و سلاوی لێبکەم یان بۆی بنوشتێمەوە و کرنۆشی بۆ بەرم هەر وەک چۆن لە حزوری شایەکدا کرنۆش دەبەیت . پیرەمێردەکە دەستی هەڵبڕی و ئاماژەی بۆ کردم ، منیش جولام و بە شەوقێکەوە کە لە ژیانما هەستم پێنەکردبوو بەرەو پیری چووم . دەستم خستە ناو دەستی .. دەستێکی نورانی، بە ڕۆحێکی باوکانە دەستمی گوشی و فەرموی :

( بە خێر بێیت .. بۆ گوندی خۆت .. گوندی پەپولە .. ئێرە ماڵی تۆیە )

ئەو ڕۆژەی کە مامۆستاکە پێ دەخاتە ناو گوندەکەوە، کەسێک بەخێرهاتنی لێ ناکات . هەموو ئەوانەی دەیبینن، ڕووی لێ وەردەگێڕن . ئەو لە سەرەتادا لە شوێن بینای قوتابخانەکە دەگەڕێت و بۆی نادۆزریتەوە . بەناو دێکەدا دێت و دەچێت تا تەواو شەکەت و ماندوو دەبێت . ئەو بۆ خۆێ دوایی باسی ئەو ڕۆژەی دەگێڕایەوە کە چۆن کەسێک ڕووی خۆشی لێ نەناوە و هەر کەسێکی دیوە مڕ و مۆن بۆوە . لە دورەوە تەختە ڕەشێک لە حەوشەی ماڵێکا سەرنجی ڕاکێشام و هەنگاوەکانم بەرەو ئەویان بردم . ئەو ماڵەی کە مامۆستاکە هەنگاوەکانی بۆ شل کردبوو، هەم ماڵی پورم بوو هەم ماڵی فەڕاشی قوتابخانەکەش .

پورم کە لەوکاتەدا هەر بەتەنیا خۆی لە ماڵەوە بوو، لە حەوشەی مالەکەیاندا خەریکی سورکردنەوەی ناوساجی بوو . کە گوێی لە تەقەی دەرگا ئەبێت، لەشوێنی خۆی نابزوێ .

ئەو پێی وابووە یەکێک لە منالەکانی کە لەو ساتە وەختەدا هەموویان لەسەر ئیش و کاری خۆیان بوون، هاتۆتەوە . تا مامۆستاکە بۆ خۆی پێی نەناوەتە ناو دەروازەی حەوشەکەیان پورم لە شوێنی خۆی هەڵنەستاوە .

( پورێ .. ماندو نەبیت، ئەو تەختە ڕەشەی لە حەوشەکەتاندایە منی بۆ ئێرە هێناوە ) .

پورم حەپەسابوو، بۆ خۆشی نەیدەزانی بۆ حەپەسا بوو، ئایا بە هۆی ئەو تەختە ڕەشەوە بووکە بۆ خۆشی نەیدەزانی لە کەیەوە لەوێدا کەوتوە یان چاوەڕوانی ئەوە نەبوە ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوێکی ئاوا غەریب لە دەرگای ماڵەکەیان بدات .

( جەنابتان کێن .. ) .

( من مامۆستای تازەی گوندەکەتانم، هاتووم قوتابخانەکەتان بۆ بکەمەوە )

پورم فەرموی لێکرد بوو بۆ ژورەوە و چا و ناوساجی گەرمیشی لەبەردەم دانابوو . پێی گوتبوو : ئێرە ماڵی فەراشی قوتابخانەکەیە بەڵام ئەو ئیستا لێرە نیە .. بۆ شوێنێکی دور چوەو وا زووش ناگەڕێتەوە .

( چۆتە شار ) .

( خۆزگە ! ) .

( ئەی لە کوێیە ؟ ) .

( لە شار کەس بۆی باس نەکردویت ؟ )

( نا .. کەس بۆی باس نەکردوم ) .

( مێردەکەم، لەناو حەوشەی قوتابخانەکەدا گوژرا .. )
پورم هەرگیز دڵی بەرایی ناهێنێت کە دان بەو ڕاستیەدا بنێت و بڵێت کە مێردەکەی کوژراوە .
هەمیشە حیکایەتێک بۆ دیار نەبونی مێردەکەی دەدۆزێتەوە . لەسەرەتاوە زۆر بە دڵنیایی دەچێتە ناو حیکایەتەکەیەوە و وا لە بەرانبەرەکەی دەکات باوڕ بە هەموو ئەو شتانە بهێنێت کە ئەو دەیلێت و ئەم دەیان بیستێت .. بەڵام هەر زوو لاواز دەبێت و ناتوانێت بەردەوامی بە درۆکەی بدات و بە خێرایی کوڵ دەدا و دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستیەی کە مێردەکەی چیدی زیندوو نییە .
مێردەکەی لە شار نییە و لەناو کێڵگە نییە و لەقوتابخانەکەش نییە .. بە دوو چاوی پڕ فرمێسکەوە ڕووی بەرەو گۆرستانە پچکۆلەکەی گوندەکە وەردەگێڕێت و دەڵێ :
( ئەوەتا لەوێ .. خۆڵ و خاک داپۆشیەوە ) .

پورم باسی ئەو بەیانییەی بۆ کردبوو، کە چۆن مێردەکەی  بینی بوو لەناو خوێنی خۆیدا دەگەوزێت . ئەوەی بۆ گێڕابۆوە کە چۆن کاتێک گەیشتبوە سەری، دوا چرکەکانی گیان دانی بوە و هەر ئەوەندەی بۆ کراوە کە دەستی هەڵبڕیت و فرمێسکەکانی ئەم بسرێت .
پورم تەرایی فرمێسکەکانی خۆی لە سەر پەنچەکانی مێردەکەی بینی بوو، بە شێنەیی تێکەڵ بە خوێن دەبێت .
مامۆستاکە بێدەنگ بوو، دیار بوو چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، گوێی لەو هەواڵە بێت .
( من ئامۆژگاریت دەکەم، وەک دایکێک هەر ئیستا جانتاکەت هەڵگریت و بگەڕێیتەوە شار ) .
( بەڵام دایکی ئازیزم، من مامۆستام و هاتووم ئەرکی خۆم ڕاپەڕێنم ) .
( کورەکەم، بڕوا ناکەم ڕێگە بەن منداڵێک بێتە قوتابخانەکەت، لە پۆلەکاندا ئەسپ و بارگیر بە خێو دەکەن ) .

پورم، ڕاستی پێ گوتبوو . کە ساڵی پار مامۆستاکە دەبینێت فەراشەکەی دەکوژن و منداڵەکان نانێرنەوە بەر خوێندن . ئیدی لە ترسی گیانی خۆی هەڵاتبوو . بەڵام مامۆستاکەش بۆ خۆی بێگوناە نەبوو . هەرچی لە گوندەکەدا ڕووی بدایە، ئەو هەمووی  دەکردە ڕاپۆرت و دەیگەیاندە حیزبەکەی خۆی، چ جا ئەو شتە گیزە گیزی مێشکیش بوایە لەناو گوند .
پورم کە منداڵەکانی وا زوو ناگەڕێنەوە، دەنێرێت بە شوێن منا . ئەو ساتەی کە من چومە ژورێ هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە کوڕێکی شاری ببینم . پیاوێکی ڕیشنی ناو چەوان پان، قژێکی نەرم و نیان و ماش و برنجی، درێژ بەسەر شانو ملیا پەرش و بڵاو ببونەوە .
دوو چاوی گەورەی پڕشنگدار کە پڕیان بو لە هۆمێد و باوڕ بە خۆ بوون . ئەو ئیمانی پتەو بوو بەوەی کە دەتوانێت باوڕ بە خەڵکەکە بهێنێت و جارێکی دی منداڵان بۆ قوتابخانەکە بگەڕێنێتەوە .
هەر بەو جۆرەش بوو، هەفتەی نەبرد دڵی گەورەو بچوکی گوندی بۆ خۆی ڕاکێشا . لە دەرگای ماڵ بە ماڵی گوندەکەی دا و لەگەڵ هەموان قسەی کرد، لە هەر ماڵێک دانیشت و چایی خواردەوە . ئەو پێی گوتبوون کە قوتابخانەکە هی هەموانە بە بێ جیاوازی . بە بێ جیاوازیش سەری بە هەموو ماڵەکانا کردبوو .
ئەو کاتێک دەدوا، بە وتەی سادە و شیرین دەدوا .. هەمیشە بڕوای بە داهاتوو هەبوو .. وا داهاتوشی دەبینی کە جوان و پڕشنگدار بێت . باوەڕی لە بنەهاتوی بە زمان هەبوو، پێی وابوو

زمان چارەسەری بۆهەموو لێک تێنەگەیشتن و بەدحاڵی بونەکان پێیە و زمانی بە کلیلی هەموو گرێ کوێرەکانی دونیا دەزانی .

من ئیستا کە بەشێک لەم چیرۆکە بۆ ئێوە دەگێرمەوە، تاکە خوێنەواری گوندەکە بووم کە زۆر نەبوو خوێندنم لە بەشی بازرگانی لە شار تەواو کردبوو . کەسێکی زیندووی ناو ڕوداوەکانیش بوم و ئاگام لە وردو درشتی هەنگاوەکانی ئەو بوو . هەر لەو ڕۆژەشەوە کە ناسیم بوومە پشت و پەنای و لە ئیش و کارەکانیدا یاریدەم دا و لەگەڵی بوومە مامۆستای یاریدەدەر.
من کە بە گرنگیەوە گوێم بۆ قسەکانی شل کردبوو، نەمتوانی خۆشم نەوێت . ئەو هەر زوو منی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە و دڵمی بۆ خۆی برد . ئەو هزر و خەیاڵی منی ئاودا . زەنگی وشەکانی یەکە یەکە لە ناخ و گیانما هەست پێدەکەم، ئەو حەزی ژیان و ئاوەدانی لە دڵی منا خولقاند . هەموو شتێکی لە منا گۆڕی .
ڕەحمانی چۆلەکەش، ئەو گەنجەی کە بەشێک لە یادەوەرییەکانی ئەو دەگێڕێتەوە، یەکەم کەسی گوندەکەیە کە مامۆستاکە لە ڕێگە دەبینێت و دەبێتە یەکەم قوتابی و لەسەر دەستی ئەو فێری خوێندەواری دەبێت . بەیانیان تفەنگەکەی لە ماڵەوە دادەناو دەهاتە قوتابخانە . دوا نیوەڕوانیش تفەنگەکەی هەڵدەگرت و دەچوە ڕاو . ئەو سیرەی لە قاز و قولنگ و مراوییەکان دەگرت تا ڕاویان بکات، بەڵام هەمیشە چۆلەکەکانی دەکوشت . باوکی بێهودە ببوو لەوەی کوڕەکەی هونەرێکی گەورە بنوێنێت بۆیە، ناوی لێنابوو ( ڕەحمانی چۆلەکە ) .
بە درێژایی ژیانی ویستبووی کەوێک یان مراوییەکی کێوی ، ڕاوبکات و بۆ دونیای بسەلمێنێت کە ئەوەتا ڕەحمان، ڕەحمانی چۆلەکە نییە، بەڵکو ئەم بۆتە ڕەحمانی مراوی یان ڕەحمانی کەو . بەڵام لەوە دەچێت، تا دەمرێت مرازی حاسڵ نەبێت و هەر بە چۆلەکەیی سەربنێتەوە .

ڕەحمانی چۆلەکە یەکەم تفەنگ بەدەستیش بوو کە سیرەی لە کەللەی مامۆستاکەی گرتوو و یەکەم گوللەی خۆی پێوەنا . ئیستاش کە دەیان ساڵ بەسەر مەرگی ئەودا تێپەڕیوە، تاکە کەسێک ئەو بوو کە توانی ژیانی ئەم گوندە بگۆڕێت و لە جیاتی تفەنگ، منالانی فێری ئەوە کرد کە بیر لە جوانی و شەیدایی ژیان بکەنەوە . زۆرێک لەوانەی قوتابی ئەو بوون، هەر ئەوانەش بون کە هاوبەش بون لە کوشتنەکەیدا . بەڵام ئەوان ئیستا لە شارن و درێژە بە خوێندنی خۆیان دەدەن .
ئەفسوس کاتی خۆی کەس لێی تێنەگەیشت، وتەکانی ئەو لە ناخ و ویژدانی منداڵان و خەڵکانی ئەم گوندەدا نوستبوو، دوای سەردەمانێک بە شێنەیی و وردە وردە لێرە و لەوێ .. لەناو ئەو گەنجانەی کە لەو ڕۆژگارەدا قوتابی ئەو بوون، ئەو وتانە لە ناوەوە و لە شوێنە ونەکاندا زیندوو دەبوونەوە و دەهاتنە دەرێ . نازانم ئەو وتانەی ئەو لە کوێی ئەم گوندە، لە هەڵەمووتی کام شاخ و لە ناوەوەی کام زێ و کام لێرەوار و نشێو خۆیان حەشار دابوو، وا لەپڕ وەک گوڵ هاتنە دەرێ و دونیای ئەم گوندەیان ڕازاندەوە . کام ڕەشەبا ئەو وتانەی ئەویان هەڵگرتبوو و وا لە پڕ و وەک تۆو، بە ناو سەربان و حەوشەی ماڵانی گوندا پەرش و بڵاوی کردنەوە . ئەو وتانەی کە دەیان ساڵ لەمەوبەر و لە ژێر گوێسوانەی خانوویەکی خۆڵیندا، ڕۆژانە لە دەمی ئەو مامۆستایەوە دەبیستران، چ سیحرێک بوو، وا لەم ڕۆژگارەدا ئەو وتانە بە شێنەیی ئاگریان گرت و بوونە

حیکایەت و چیرۆک و خەڵکان لێرە و لەوێ بە غەمگینییەوە دەیانگێڕایەوە . بەڵام گەوهەری هەموو حیکایەتەکان تاکە حیکایەتێکە، کە هەموان لێرە و لەوێ بە غەمگینی و کۆڵێک پەشیمانییەوە دەیگێڕنەوە . ئەویش حیکایەتی ئەو مامۆستا شەهیدەیە کە قەدەر بۆ ئێرەی هێناو لێرەش بە کوشتی دا . هەر بە یادی شیرین و گەشی ئەویش، وەک جورێکیش لە قەدر زانینی ئەو پیاوە . قوتابخانەکەیان بە ناوی ئەوە ناو نا، مناڵ پەروەر . بەڵام ئەو هەر مناڵ پەروەر نەبوو، ئەو عاشقێکی گەورەش بوو . من کە دواجار چوومە ژورەکەی و ناو کتێبەکانی گەڕام .. هەندێک بەشم لەو نوسینەی دۆزییەوە کە ڕۆمانێکی تەواو نەکراو بوو دەربارەی خوشەویستی من و ئەو، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو ئەو بەشە بوو، کە لەبارەی مەرگی خۆیەوە نوسی بووی . کتومت بەو جۆرەی کە لەمەرگی خۆی دوا بوو، هەر بەو جۆرەش کوژرا .

4

ڕۆژێکی بەهار، مناڵەکانمان برد بۆ سەیران .. من و ئەو پێکەوە بە ناو گوندەکەدا ملی ڕێگەمان گرتبوە بەر و لەگەڵ مندالەکان، ماڵەکانمان بەرەو ناو دەربەندی شاخەکانی ئەوبەر بڕی . بە سەر ئەو تولە ڕێیانەی کە ئەم بەر و ئەوبەری هەموو مێرگ و گووڵ و گوڵزاربون تێپەڕین .
لێرەو لەوێ باخی گێلاس و ڕەزی ترێ و توترک دیمەنێکی ئەفسوناویان خوڵقاندبوو . زێیەکە لە دورەوە خوڕەی دەهات و دونیای پڕ کردبوو لە هاژە هاژی ئاو . ئەو لە پێشی مناڵەکان و منیش لە پشتیانەوە ڕێم دەکرد . بۆنی خاک و ئاسمانی شین پڕی کردبوم لە شەیدایی .

دەنگی خوێندنی کوکوختیەکیش بەردەوام لە نزیکمانەوە دەهات، لەوە دەچوو هەنگاو بە هەنگاو شوێنمان کەوتبێت .
لە شوێنێک کە دەشتاییەکی پان بەرین بوو لە نزیکی زێیەکەوە، کە تەنیا ئاسمانمان لێوە دیار بوو، دور لە دێ و دور لە دونیا .. دور زۆر دور وێستاین . تەنیا هۆرە و شمشاڵی دوری شوانەکان نەبێت، شتێکی دی نەبوو گوندمان بە بیر بهێنێتەوە . لە تەختاییەک کە هەمووی مێرگی گوڵ و گوڵزار بوو . مناڵەکان بار و بنەیان خست و دەستیان کرد بە چایی لێنان . ئەویش لەسەر گیاکان دانیشت .. کراسێکی سوری لەبەر کردبوو . کە لە دورەوە وەک پەڵە گوڵێک دیار بوو . دڵم پڕ ببوو لە سۆزی بەیانی و لە دیمەنی قەشەنگی ئەو کە با یاری بە قژە زەرد و درێژەکەی دەکرد و لەسەر دەمو لێوی دەیهێنا و دەیبرد .
ژێر درەختەکانی کەنار زێیەکە پڕبوون، لە گوڵی شەوبۆ و دەمەشێر و زەنبەق . بۆنی سەرمەستی ئەو گوڵانەش هەموومانی بۆندار کردبوو . دونیا هەمووی گوڵ بوو، بەری ڕوانین هەمووی گوڵ بوو .
ئەو لەناو گژو گیاکاندا ، کە لەهەندێک شوێنا، هێشتا گژو وگیای تەڕ بە شەونمی بەیانی وشک نەبووبونەوە ئاسودە و بێ خەم دانیشت بوو . گێژۆڵەیەکی ڕوخسار غەمگین .. دیار بوو کە

هەموو تەمەنی خۆی لەناو بێدەنگی و تەنیایدا بردبوە سەر . ڕەنگە تا مردن لێت بگەڕایە لەناو ئەو مێرگە بە گوڵ ڕەنگینەدا بمایەتەوە و لە شوێنی خۆی نەجوڵایە . خاتونێکی کەم دوو، چاوەکانی زۆر بە مەلوولی دەیانڕوانی .
ئەو بەدەم لێکردنەوەی گوڵەکانەوە دالغەی لێدابوو . منیش لە دالغەی ئەو ورد دەبوومەوە .
هەندێک لە منالەکان لە چواردەوری دانیشتبون و گوڵیان بۆ لێدەکردەوە . ئەو لەش و لارە جوانەی لە ناو گوڵەکاندا جوانتری دەنواند، منداڵەکان ئەوەندەیان گوڵ بۆ لێ کردبۆوە کە خەریکبوو لە ناو گوڵەکاندا بزر دەبوو . ئەو شوێنەی ئەوی لێ دانیشت بوو، بە ڕێکەوت هەمووی گوڵی زەرد بوو .
منداڵەکان گوڵیان بۆ لێ دەکردەوە و ئەویش لاستیکی گوڵەکانی هەڵئەتلیشان و گوڵەکانی لێک دەبەستن و بە شێوەیەکی هونەریانە پێکەوەی گرێ دەدان . عەشق و خۆشەویستی ئەو لەناو دڵما وەک گوڵ دەپشکوت . حەزم دەکرد درەختێک بام  لەو باخچە بە ئاونگ تەڕەدا گوڵ و گەڵا بگرم .
کە لەکارەکەی بۆوە، دیار بوو چاوی بۆ من دەگێرا، منیش خۆم وا نیشان دەدا کە ئاگام لە لای ئەو نییە . بەڵام من بە گیان و دڵ، سەرنج و ڕوانینم لای ئەو بو، تەنیا لای ئەو بوو .
ئەو لە گوڵە زەردەکان کڵاوێکی زەردی چنی بوو، دەیویست من تەماشای بکەم .
بەرەو لای ئەو چووم و کڵاوەکەم بە ناسکی و بە تەنگەوە هاتنێکی زۆرەوە لێ وەرگرت . لەبەر منداڵەکان هەوڵی دەدا تەماشای من نەکات .. لەو کاتەی کە کڵاوەکەم لێ وەرگرت بە ئەسپایی دەستیم گوشی .
وام پێشبینی دەکرد کڵاوەکە بە دەست لێوەدان  هەڵبوەرێت . بەڵام وا نەبوو، کڵاوێکی توکمە و پڕبوو . لەوکاتەی کە کڵاوەکە بە دەست منەوە بوو، ئەو لەشوێنی خۆی هەستاو بە نیگایەکی ژنانە .. هاتە نزیکی منەوە .
هەردوکمان لە نزیک زێیەکەوە ڕاوەستابووین، هاژە هاژی زێیەکە وای دەکرد کە قسەکانمان نەبیسترێن . لەناو ئەو سەوزاییەدا نیگارێکی نەرمینی هەبوو . منیش کڵاوەکەم لەسەری ئەو دانا .
حەزم کرد لێوم بەرم و ماچێک لەسەر لێوەکانی بنەخشێنم . بەڵام بوونی منداڵەکان لە نزیکمانەوە ڕایگرتم .
( تۆ دەبا خانمی گوڵ بایت ) .
( من ئەو کڵاوەم لە گوڵ بۆ تۆ چنیوە، بەڵام لەبەر منالەکان ناوێرم بیخەمە سەرت ..
تکایە لەبەر من لەسەری بکە ) .
( بە چاوان، خانمی گوڵ ) .
کە کڵاوەکەم لەسەر کرد، ئەو منالانەی کە لە دووری ئێمەوە بوون و سەرگەرمی یاری کردن بوون هەموو پێکەنین . بەڵام ئەو .. ئای خودایە چ زەردەخەنەیەکی لەسەر زاربوو . شیرین و بەسوز و میهرەبان . هەرگیز بۆم ناکرێت ئەو زەردەخەنەیەی ئەو لە یاد بکەم . بۆ هەرکوێ دەچم زەردەخەنەکەت هاوڕێ و هاوسەفەرمە .
بە گوێیدا چرپاندم و پێمگووت : ( هەمیشە لەناخمدا وێنەی شیرین و ناسکی زەردەخەنەکەتم هەڵگرتوە . کە زەردەیەکی تۆ ئەوەندە من شاد دەکات، گیانەکەم مەهێلە بۆ تاوێکیش زەردە لەسەر لێوەکانت ڕەش داگەرێت . دە توخوا مەهێڵە ) .
( دڵنیا بووم کە ڕەنگی زەردت لێ جوانە .. بۆیە کڵاوێکی زەردم بۆ چنیت ) .
(  من هەتا ئێستاش کە تەماشای تۆ دەکەم شوێنەواری گوڵ و سەوزایی لە تۆیا دەبینم . لەناو

گوڵان ڕاکشاویت و نیگاکانی من تێت ئاڵاون و لێت نابنەوە . بۆنی گیاو گوڵت گرتوە ) .

لە ترساندا ڕەنگم گۆڕا .. زمانم گیرا و بە ترسێکەوە گوتم : ( دەتوانم شتێکت پێ بڵێم ) .
دیار بوو هەستی کردبوو چ دەڵێم، گوتی : ( عاشقان هەمیشە لەو کاتەنەدا بۆ خۆشیان نازانن چ دەڵێن .. زیاتر لەوەی شتێکی گرنگ بڵێن .. دەبزرکێن ) .
خانمی گوڵ حەزم وایە سەرم بنێمە سەر ڕانت و لەناو ئەو هەموو سەوزایی و چریکەی باڵندانەدا کە دونیایان پڕ کردوە لە نەغمە بنوم .. بۆ هەتا هەتایە بنوم و گیانم لە باوەشی تۆدا دەرچێت .
بەڵام توخودا مەمنێژە و بە گوڵ هەر بە گوڵ لەم دەشتەدا بمشارەوە و ناوم لێ بنێ
شەهیدی گوڵ .
( هەستی ڕێزگرتنم بەرانبەر ئێوە وام لێدەکات پێت بڵێم، خۆشم دەوێیت ) .
ئەو بێدەنگ بو . بەڵام بێدەنگیەک پڕ لە ناز و عیشوە . بە چرپەوە پێم گووت ( من عاشقی تۆم ) .
دڵە کوتێ و ترس دایگرتبووم .. چاوم لە خۆشیانا پڕ بوبو لە فرمێسک .. هەر وەک ئەوەی چاوم ئاوی پیازی تێچو بێت . هەناسەی پچر پچرم دەکێشا .
لەو کاتەی کە منداڵەکان بە کچ و کورەوە لە زێیەکەدا کەوتنە مەلە کردن، من و ئەو لەسەر ڕۆخی ئاوەکە دانیشتین . زۆر جار هەرمێیەک یان سێوێکی سور لە باخەکانی سەرەوە، بەسەر ئاوەکەوە دەهاتن و منداڵەکان بە زریکە و پێکەنین دەکەوتنە شوێنی و دەیان گرتەوە . کۆمەڵێک قاز و مراوی گوندیش لەناو گێژاوی ئاوەکەدا دەمێک دەچوونە خوار و دەمێک دەهاتنەوە سەر .
لەناو زاق و زریقی منالەکان پۆلێ باڵندە ئەوەندە نزم ببونەوە، هێواش هێواش دەفڕین و هەندێ کات خەریک بوو تێکەڵ بە منالەکان دەبوون . ئەویش کەمێک لە لاقە باریک و سپیەکانی هەڵماڵی بوون و خستبونیە ناو ئاوەکەوە .

منداڵەکان تریقانەوەی کەیف خۆشیان، ڕۆژە ڕێیەک دەرۆیشت . دەستم لە ئاوەکە وەرهێناو شلێپێک ئاوم گرتە دەمو چاوی .. هەناسەیەکی خێرای هەڵکێشاو چەپۆکێکی هێواشی کێشا بە دەستما و گووتی ( دە پێت دەڵێم مەکە، تۆ بۆ ئەوەندە بزێوی ) . پێم گووت :
( گیانم خەریکە لە خۆشیان وەک باڵندە دەفڕێت . حەزدەکەم بە ناو ئەو تولە ڕێیانەدا پێکەوە ڕابکەین و پێشبڕکێ لەگەڵ باڵندەکان بکەین ) .
خانمی کڵاوچن .. ئەم دیدارەمان بۆ من گەورەترین هیوا بوو .. بە ناسینی تۆ ڕۆحم ئاسودە بوو دەمەوێت باسی خەونەکانی خۆمت بۆ بکەم .. من پیاوێک بووم هەمیشە پەنام بەبەر دونیای خەون و خەیاڵان دەبرد . من لەناو چاوەکانی تۆدا ئەفسونێکم بینی، لەوە دڵنیای کردم کە من و تۆ پێکەوە ئایندەیەکی گەشمان دەبێت . خۆشەویستی تۆ خۆشبەختیەکی گەورەیە بۆ من . دڵنیام کە دۆستایەتی منت قبوڵ کردوە .
ئەو دەستێکی بە قژە خاوەکەیدا هێناو کەمێک کڵاوەکەی لەسەری لار کردەوە . چاوەکانی نوقاندبوون و تەواو بێدەنگ بوو .. من دەستێکم دا لە دەستی و پێم گووت :
( من سوپاسی ئەو دونیایە دەکەم کە منی ڕاکێشابووە ئێرە بۆ حزوری تۆ . بۆ هەر کوێیەک بچم دڵم هەر لای تۆیە .. خۆشەویستی تۆ دڵمی پڕ کردوە لە زیندەگانی . هەر هەناسەیەک کە من هەڵی دەمژم پڕە لە بۆن و بەرامەی تۆ . دور لە تۆ گوڵم، ڕۆژگارەکان ڕۆژگار نین .. شادییەکان

شادی نین .. زیندەگانی پڕ پڕە لە وێرانی . ئەو چاوەکانی هەڵبری و بە زەردەو نازێکەوە کە بیەوێت، هێندەی تر گیرۆدەم بکات گووتی ( تۆ دەبا شاعیر بایت ) .
( مادام زەردەت ئەوەندە جوانە پێم خۆشە هەموو دونیا زەرد هەڵبگەڕێ ) .
گوێگرتن لە ئاواز و نەغمە و چرپەی وتەکانت ڕۆحم لە هەموو گرفتارییەکی ژیان ئاسودە دەکات .
ئەوەی ڕقە لە چاو و دڵ و ڕۆحی تۆدا نییە . ڕووەیەکی گەشی تۆ .. بزەیەکی ڕازاوەی تۆ .. بۆ هەمیشەیی مردن لە ڕۆحی من دور دەخاتەوە . نیازم وایە بۆ هەتا هەتا لە نێو چاوەکانی تۆدا بمێنمەوە .
ئەمن لە دەرفەتێک دەگەڕام، لێوم لە لێوەکانی هەڵبسوم و بە دزی منداڵەکانەوە دەستێک لە لیمۆکانی بخشێنم .. ئەو لە ژێر لێوەوە و بە سرکە پێی گوتم کە ئێستا کاتی نییە .
لەبەر منداڵەکان دەیویست خۆی وا بخاتە ڕوو کە من و ئەو قسەی ئاسایی دەکەین، هەستم پێ دەکرد کە قسەکانم شوێنەوارێکی باشیان لە ناخیا جێهێشتوە .
بەڵام نایەوێت هیچ بڵێت یان جێگەکەمان و بوونی منداڵەکان لە نزیکمانەوە کە سەرگەرمی یاری بوون بۆ ئەو شوێن مەترسی بوون . بە چیلکەیەک دەستی کرد بە هەڵکۆڵینی چەند وشەیەک لەسەر خۆڵەکە ( ڕێگەم بە بەیانی وەڵامت بدەمەوە ) .
من کە تۆم دی ئیدی پێم وابوو تۆ ئەبێت بۆ من بیت .. بوونی تۆ لەم گوندەدا ئارامیەکی ڕۆحی قوڵم پێدەبەخشێت .. ناسینی تۆ سەرلەبەری ژیانی منی گۆڕی .. نازانم بۆ هەست دەکەم ڕابردووم پارچەیەک ڕەشایی بوو .. تۆ هاتیت و دونیای منت گۆڕی .. منت فێری درەوشانەوە کرد . فێری سەفەرت کردم بۆ عەردێکی دی کە عەردی گوڵ و بارانە .
دڵم لە خۆشیان قوڵپی دەدا .
منیش لەسەر ئەرزەکە بۆم نوسی ( گوڵم تا بەیانی من نانوم .. بە گەرمی و بە شەوقەوە چاوەڕوانی وەڵامی تۆم ) .

5

بەرەبەیانی بوو، لەگەڵ کازیوەدا بە ئاگا هاتم . ڕۆژێکی نوێ لە گوند و لە دونیای منیش خەریک بوو هەڵدەهات . لە کانی گوندەکە و لەناو کش و ماتی ئەو دونیایەدا دەم و چاوم شۆرد و تا هێزم تیا بوو بینم نا بە ئاوی سازگاری ئەو بەیانییە زووەوە . ئاوێک کە لە ناخی زەوییەوە هەڵدەقوڵا و لە دڵی سروشتەوە دەهاتە دەرێ .. ڕۆحم پڕ کرد لە ئاو . ئەوندەی مرۆڤێک لە توانایدا بێ و بتوانێ ئاو بخواتەوە، ئاوم خواردەوە . من ئەو بەیانییە پێم وابوو، دەتوانم ئاوی هەموو زەمین بخۆمەوە . ئەمجا مشتم دەخستە ناو کانییەکە و هەوڵم ئەدا ئاوەکە بگرم و ئەوەندی بۆم دەکرێت لەگەڵ خۆم بیهێنمە دەرێ . دەستم لە بۆشاییدا ڕادەگرت و دەمڕوانیە ناو مشتم کە چۆن دڵۆپە ئاوەکان لە ناو پەنجەکانمەوە دەخزانە خوارێ .
سەرم شۆڕ کردەوە ناو کانییەکەو هەوڵم ئەدا بۆ درێژترین ماوە چاوم لەناو ئاوەکەدا بکەمەوە .

مرۆڤ هەندێک جار خوو بە شتی سەیرەوە دەگرێت . ئەو بەیانییە حەزم دەکرد لەگەڵ ئەو ئاوەدا تێکەڵ ببم و ڕۆحم بەخشمە ئاو وخۆمی بۆ شل کەم، بۆ کوێم دەبات بمبات .
تاوێک لە هەموو جوانی و ناسکی بەرەبەیان وردبوومەوە و بەدەم کێشانی جگەرەیەکەوە بەرەو ژێر درەختەکە کشام و لەوێدا بەڕێزەوە بۆ ئەو بونەوەرە پیر و بە ئەزموونە وێستام . لەو جەستە تەپو تۆزاوی و پڕ میهر و خۆشەویستیەم دەڕوانی کە وەک باوکێک نازانم چەندین ساڵە لەوێدا وێستاوە و باوەشی بەو گوندەدا کردوە .
من لەو دالغەیەدا بووم باڵندەیەکی بچکۆلە هاتوو لە سەر شانم نیشتەوە . بۆ تاوێک لە شوێنی خۆم وێستام و نەجولام . بڕوام بەوە نەدەکرد کە باڵندەیەک لەسەر شانم بێ . بە هێواشی بەبێ ئەوەی سەرم بجولێنم چاوم بڕییە ئەو گیانەوەرە بچکۆلەیە . باڵندەیەکی سور کە چەند پەڵەیەکی ڕەش لە نزیک سەرییەوە بوو . لە ژێر سنگ و لا ملیەوە و لەسەر کلکی دونیایەک ڕەنگی دی هەبوون . زەرد .. پرتەقاڵی .. وەنەوشەیی .

یەکەم جار بوو هەست بە ڕۆحێکی زیندوو بکەم بەو پاکی و بێگەردییەی خۆی لێم نزیک بێتەوە .
چاوم بڕیبوە چاوی باڵندەکە و هەستم بە لێدانی هێواش هێواشی دڵی دەکرد . چاوەڕوان بووم باڵندەکە لە سەر شانم بفڕێت و بچێتەوە سەر درەختەکە . بەڵام لە شوێنی خۆی نەجولا .
لەوە دەچوو لەسەر شانم هەست بە دڵنیایی بکات .

هێواش هێواش بەرەو ژورەکەم گەڕامەوە و باڵندەکەش لەسەر شانم بوو . چوومە بەر ئاوێنەکە و لە خۆم ورد دەبوومەوە کە چۆن باڵندەیەک لەسەر شانم نیشتۆتەوە . من نەمئەزانی ئەو باڵندەیە چ باڵندەیەکە و ناشمەوێت بزانم . من و باڵندەکە پێکەوە تەماشای ئاوێنەکەمان دەکرد . من دڵنیام ئەویش وەک من لە ڕوخساری خۆی ڕوانیوە یان هەردوکمان پێکەوە ڕوانینەکانمان لەسەر پنتێکی ئاوێنەکە یەکانگیر بووە . ڕەنگە نەشزانێت من چ جۆرێکم لە مرۆڤ . ڕەنگە ئەویش وەک من ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبێت، گرنگ ئەوەیە کە زیانی پێناگەیەنم . ئیتر چ جورێکم لە مرۆڤ، ئەوە چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت . خانمی گوڵ، وەرەو باڵندەیەک لە سەر شانم ببینە .

وەرەو پێم خۆشە ئەم باڵندەیە ببەخشمە تۆ تا بە دەستەکانی خۆت ئاشنای کەیتەوە بە ئازادی و بە ئاسمانی شین . وەرە و لەگەڵ خۆت عەشقی خۆتم بۆ بهێنە و کەمێک ئەم دڵە ئۆقرە نەگرتوەم ئارام بکەرەوە . کە سەرگەردان و گلاراو چاوەڕوانی دیار و دەرکەوتنی تۆیە .

دەستم برد و باڵندەکەم گرت . ڕوانیمە چاوە پچکۆلەکانی . دوو چاوی پچکۆلەی زیت و زیندوو . لیوان لێو بوو لە هومێد و ئازادی . ڕۆحێکی پڕ تین و تاو .. لەناو لەپما دڵە بچکۆلەکەی بە خێرایی لێی دەدا . لە ژورەکە هاتمە دەرێ و چنگم بۆ باڵندەکە والآ کرد . باڵندەکە بۆ ساتێک بەسەر باڵما هەڵگەراو چووەوە سەر شانم و لەوێوە هەڵفڕی . من تەماشای باڵندەکەم دەکرد چۆن لە چاوتروکانێکا چووە ئاسمان و دیار نەما . بەڵام ئەو بونەوەرە پچکۆلەیە منی بەوە شادومان کرد بوو . کە هەم ڕۆحم و هەم ژورەکەم و هەم دونیاکەشمی بە هاتنی پڕ لە نوری خۆی پیرۆز کردبوو .

چاوەڕێ بووم تا تۆ هاتی . هاتنی ئەم بەیانییەت، جیا لە هەموو بەیانیەکانی دی . هاتنی
هەواڵێکیش بوو کە ژیان و بوونی منی بەتەواوی دەگۆڕی . کە تۆ هاتی هەر لە دورەوە
هەستم بە شادی دڵت کرد . بە ئارامی ڕۆیشتنت . بە قژت کە جیا لە هەموو ڕۆژەکانی دی
کردبوتە پرچ . هەر ئەوەندەی ئاودیوی دەرگای ژورەکەم بویت و نەبویت من یەکەم
ماچی خۆمم لەسەر لێوەکانت نەخشاند . تۆ لە باوەشما ئارام بویت . منیش بەختەوەرترین
کاتەکانی ژیانی خۆمم دەگوزەراند . ئای خودایە .. بۆ ئەو چرکە ساتە نەبووە، دوا چرکە ساتی
ژیانم . تۆ هەر لە باوەشما بویت و منیش باسی ئەم بەیانییە زووەم بۆ دەکردیت کە چۆن لە
نزیک درەختەکە باڵندەیەک لەسەر شانم نیشتۆتەوە . چۆن باڵندەکە لەسەر شانم هەڵنەفڕیوە و
هاتومەتە ژورێ بۆ بەر ئاوێنەکە و باڵندەکەم گرتوە .
تۆ لە پڕ لە باوەشم دەرفرتایت و ڕەنگت سپی هەڵگەڕا و بە پەشۆکاوییەوە پێت گووتم :
( کوا باڵندەکە ) .
( باڵندەکەم بەرەڵڵا کرد و ڕۆی ) .
( دەبوو باڵندەکەت بەرەڵڵا نەکردایە ) .
( ئاخر نەمتوانی باڵندەکە ئازاد نەکەم . نەمتوانی ) .
( دەبوو ئازادت نەکردایە، ئەوە ڕۆحی من بوو هاتبوە لات بمێنێتەوە ) .
( ڕۆحی تۆ هەمیشە وا لە ناو چاوەکانی منا .. بەڵام بمبەخشە نەک ڕۆحی تۆ بەڵکو ناتوانم هیچ
ڕۆحێکی دی فێری ژیانی دیلی و ناو قەفەز بکەم ) .
( دڵنیابە من تۆم خۆش دەوێت . بەڵام ڕۆحی من تا ئەبەد لای تۆ
نامێنێتەوە .. وەک چۆن باڵندەکەت بەرەڵڵا کرد ئاواش دەسبەرداری ڕۆحی من دەبیت ) .



زۆر جاران نیوەی شەوان، لەپڕ لە خەون بێدار دەبمەوە و هەرچی دەکەم ناتوانم بنومەوە … ئیدی
لەتاو وەرسی دونیا دێمە دەرێ و لە بن درەختەکە دادەنیشم و چاوم دەبڕمە ناو تاریکایی
شەوەوە و دیقەتی ماڵی ئێوە دەدەم .. ڕەنگە تۆش لە نزیک پەنچەرەکەوە نوستبیت یان ئێستا
بێداربی و وەک من شەونخونی بکێشیت ..
شەوانە چەندین جار لە نێو جێگەکەم دەردەپەڕێم و دەچمەوە ناوی . ئەمشەو شەوێکی بێ مانگ و
ئەستێرە بوو . لە ژێر درەختەکە لەبەر باران، لەناو گەڵای وەریوی درەختەکان دانیشتبووم ..
گەڵای درەخت وەک فەرشێکی زیوینی تەر داخرابوون . بایەکی سارد هەڵی کردبوو .. کۆڵان و
خانوەکان لەناو ئەو تاریکییەی شەودا دیمەنێکی ترسناکیان هەبوو . هەموو شتێک تەڕ بوو، شاخ
و درەخت و گوند ئاویان لێدەچۆڕایەوە . بڕیارم دابوو ئەمشەو لەژێر درەختەکەدا لەبەر باران
بمێنمەوە، بێباک بووم لەوەی ئەگەر تا بەیانییش وەک چڵلورە ڕەق هەڵگەڕێم . کە دوا چرای گوند

خامۆش بوو، تاریکی بە تەواوی باڵی بەسەر گوندا کێشا . هەموو شتێک لە گوندا نوستبوو تەنیا من و باران نەبێت، ئەو بەشینەیی دەباری و منیش وەک باڵندەیەکی تەڕ لێم دەڕوانی . پیرەمێردی ناو درەختەکە، کە من تاکە کەسێک بووم بینی بووم و ئاشنای بووم لە درەختەکەوە هاتە خوارێ و لە پاڵما وەستا . ئەویش وەک من تەڕ بوو، بەڵام گەش و ئاسودە بوو . کە من ئەوم دی لەبەری هەستام . ئەو دەستی گرتم و پێمی گووت با بڕۆین . بەبێ ئەوەی لێی بپرسم بۆ کوێ شوێنی کەوتم . هەنگاوەکانمان بەرەو لای ماڵی ئێوەی هێنایین .

من خەیاڵم هەر لای تۆ بوو، تۆ تاکە خەیاڵێک بووی کە بەردەوام ڕۆحمت بۆ خۆت برد بوو، بۆ ساتێکیش چییە لێم جوێ نەدەبویتەوە . هەردوکمان وەک دوو باڵندەی تەڕ لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمانە ئەو دیوو . ئەو لە جێی من کێشای بە پەنجەرەکەدا .

تۆ لەبەر ئاگردانەکەوە چاوت بڕیبوە ناو ناکۆتایی شەوەوە . دڵنیام تۆش خەیاڵت لای ئەو پیاوە بوو کە باران هەموو گیانی شۆردبۆوە و ڕۆحی خۆی تێکەڵی هێمنی وبێدەنگی شەو کرد بوو . دەمویست باران هەموو ئەو خەم و ئازار و حەسرەتە لە گیانم دەرهاوێژێ و ئاشنام کاتەوە بە مناڵی .. من پیاوێکی تەڕ، بێدار لەبەر باران .. وەک جاران بە خەیاڵ نا، بە هەقیقی هاتمە بەردەرگای ماڵتان و بە هێواشی لە پەنجەرەکەم دای . تۆش ئەو کاتە هاتیتە نزیک پەنجەرەکە و چاوت بڕییە دەرەوە و منت  لە ناو تاریکاییەکەدا ناسییەوە، باران تەواو تەواو تەڕی کردبووم . هەموو گیانم لەتاو سەرما هەڵدەلەرزی و دەستو پەنجەم کەسیرە بوو بوو .

بە دزییەوە دەرگاکەت  ترازان و سەرت کێشایە دەرەوە . تۆ پیرەمێردەکەت نەبینی، کە لەناو تاریکاییەکەدا خۆی مەلاس دابوو . ئەو ئاماژەی بۆ کردم کە لەگەڵت بێمە ژورێ . ئیدی ڕووی لێوەرگێرام و ڕۆی . تۆ منت کێش کردە ژورەوە، دایکە پیرەکەت لە گۆشەیەکی ژورەکەدا نوستبوو .. تۆ خاولییەکت هێناو کەوتیتە وشک کردنەوەی قژم . من باوەشم پیا کردی و کەوتمە لێسانەوەی لێوەکانت .. تۆ پەنجەکانت خستبوە ناو قژمەوە و لە چاوەکانم ورد دەبویتەوە .

من بە گوێتا چرپاندم :

( با ئەمشەو منداڵێک بخەینەوە ) .

تۆ هێشتا نوقمی ناو بێدەنگییەکەی خۆت بوویت و سەرسامیش بەری نەدابووی . بە ترسێکەوە نەک دایکت بەئاگا بێت، گووتت :

( من حەزم لە کورە .. کوڕێکی تەڕ شێوەی تۆ )

( من کچم دەوێت .. نەک تەنیا کچێک .. حەز دەکەم هەزاران کچمان ببێ . هەزاران کچی باریک و بنێس .. نوقمی ناو بێدەنگی و سەرسامی وەک تۆ )

لە نزیک ئاگردانەکەوە، جێگات بۆم ڕاخست و هەردوکمان ڕاکشاین .. من خەونەکانی خۆمم بۆ دەگێڕایتەوە . هەموو ئەو خەونانەی کە بە تووەم بینی بوون . خەونێک و دوان نەبوون، دونیایەک خەون . کە ڕۆژگارێکی دەویست بۆتی بگێڕمەوە .

تۆش لە پاڵمەوە سەرت خستبوە سەر سنگم و پێت دەگووتم بەردەوام بە دەمەوێت هەموو خەونەکانتم بۆ بگێڕیتەوە .. هەر ئەمشەو هەرچی خەونت هەیە، هەموویانم لێت دەوێ بۆم بگێڕیتەوە .

دوێ شەو خەونێکی سەیرم بینی، لە خەونما من و تۆ زەماوەندمان دەگێڕا .. تۆ بە جلە

سپییەکانتەوە لە دەم دەرگای خۆتان ڕاوێستابویت و منیش هاتم پەلم گرتیت و سواری ئەسپێکم کردی .. ئەسپێکی ڕەش .. ئەسپەکە کە تۆی بینی، حیلاندی . منیش لە پاڵتەوە سواری ئەسپێکی سپی بوبوم . بە ناو دێدا غارمان دا . غارمان دا تا ماندوو بووین . لە نزیک درەختەکەوە هەردوکمان دابەزین . تۆ شاد و ئاسودە بوویت و بەردەوام بزەت لەسەر زار بوو . منیش باسی پیرەمێردی ناو درەختەکەم بۆ کردی . لەو کاتەدا پیرەمێردەکە هاتە خوارێ و پەپولەکان لە پشتیەوە هەڵدەفڕین . من و تۆ پێکەوە بەرەو لای پیرەمێردەکە چووین و دەستیمان ماچ کرد . زێیەکە خوڕەی دەهات و سەرتاپای باڵندەی سپی تێی ئاڵا بوون .. مانگە شەو ئەفسونی خۆی دەرژاندە ناو گوندەوە و هەردوکمان ئاسودە بووین .

هەندێک پیرێژن و کچانی گەنجییش لەو ناوەدا پەیدا بوون و ئاوێنەیان بە دەستەوە گرتبوو تا بەرەو ڕوومان ڕایگرن .. لەناکاو لە شوێنێکی نادیاری گوندەوە ڕەحمانی چۆلەکە بە خۆی و سوپایەکەوە پەیدا بوو . من پەلم گرتی و فڕانمیت . خزم و کەس وکار هەموو لەسەربانەکان ڕیز ببون و شاباشیان بەسەرا هەڵدەداین . مناڵانیش نوقڵ و حەڵوایان دەخوارد . من پەلم گرتی و فڕانمیت . بە ناو هەموو ئاوەییەکەدا هەڵاتین و وەک با ڕامان کرد . ڕەحمان و سوپاکەی، بە شوێنمانەوە بوون تا بمانگرنەوە . بەڵام ئێمە وەک ئەسپ غارمان دەکرد . ئەوان هەموو شمشێر و قەڵغانیان بە دەستەوە بوو . نازانم ئەگەر بیان گرتینایە چیان لێدەکردین . بەڵام لە پڕ پیرەمێردی ناو درەختەکە بوو بە سیمرغێک و لە شوێنێکی ئاسمانەوە پەیدا بوو .. نزم لەسەر سەری من و تۆوە هەڵدەفری . یەکی قاچێکی سیمرغەکەمان گرت و سیمرغ ئێمەی هەڵگرت و فڕی .. ڕۆی .. من و تۆش بە شادییەوە نزیک لە شاخەکان هەڵدەفرین .
لە خەونێکی دیما، لە گەرمای نیوەڕۆیەکدا ، من کوترێک بووم و تۆش لە حەوشەی ماڵەکەی خۆتاندا لەناو دەفرێکی ئاو قژت دەشۆرد . تۆ ئاگات لە من نەبوو کە لە ئاسمانی حەوشەی ئێوەدا هەڵدەفریم و دەمویست لەناو قژتا بنیشمەوە . ئەو تاجە گوڵینەیەم بۆ هێنابووی کە خۆت ئەو ڕۆژە لە ناو مێرگی گوڵەکاندا بۆ منت چنی بوو . دەمویست ئەو کاتەی کە لە شوردنی قژت دەبیتەوە و قژت شانە دەکەی، تاجە گوڵینەکەت بنێمە سەر . لە شوێنێکی گوندەکە ڕەحمانی چۆلەکە . تیرو کەوانێکی پێ بوو و کەوتبووە شوێنم و دەیویست سیرەم لێ بگرێت .. من بە بینینی تۆ و لە گوڵاوی بۆن و بەرامی تۆ مەست بوو بووم و بێ ئاگا بوم لەو تیرەی کە بۆ سنگم هاویشترا . ئەو بە تیرێک منی ئەنگاوت و کەوتمە ناو دەفری ئاوەکەت .. تۆ بە هەڵەداوان کۆترە خوێناوییەکەت هەڵگرتەوە، کە من بووم لەناو لەپتا خوێنم لێدەتکایەوە . تۆ دەتویست برینەکەم سارێژ بکەیت . تنۆکە ئاوەکانی قژت هەموو سنگ و باڵی تەڕ کردبووم . برین کاریگەر بوو . بە مەرهەم و دەست و پەنجەی تۆ چارەسەری نەبوو . ڕەحمان لە حەوشەکەتانەوە دەرکەوت . ئەو شاگەشگە بوو، بەوەی کوترێکی کوشتوە . هەموو مناڵانی گوند بە دوای ڕەحماندا هاتبوونە ژورەوە بۆ ناو حەوشەکەی ئێوە بۆ بینینی ئەو کوترەی کە ڕەحمانی چۆلەکە ئەنگاوت بووی .. ڕەحمان و منداڵان کوترەکەیان لێوەرگرتیت و بە تەنەکە کوتان و شمشاڵ لێدانەوە لەناو کوڵان و ڕێگاو بانی گوندا کوترە گوژراوەکەیان دەگێرا .

شەو هیچی نەمابوو، گزنگ خەریک بوو دیاری دەدا .. من پێم گووتی خەونەکان زۆرن .. بە شەو و دوو شەو تەواو نابن . من خەونی هەزار و یەکشەوەم هەیە .. وا زوو دواییان نایە .. پێویستم بەهەزار و یەکشەوە، سەر بخەیتە سەر سنگم و منیش خەونەکانمت بۆ بگێڕمەوە . تەمەنێکم لێت دەوێت . من پێویستم بە تەمەنێکە تا بۆتی بگێرمەوە . تۆ گووتت خێراکە و ئێرە بە جێبهێڵە .. ئیستا دایکم بەئاگا دێت بۆ نوێژ کردنی بەیانی .

7

من کە ناوم رەحمانی چۆلەکەیە، نەمتوانی بەرگەی ئەو واتە بگرم کە کەوتبوە ناو گوندەوە و خەریک بوو زارە و زار بۆ گوندەکانی تریش دەچوون . سەرت بەهەر ماڵێکدا دەکرد باس باسی چیرۆکی ئەو شیرین و فەرهادە بوو . کێ قبوڵی ئەوە دەکات پیاوێکی غەریب بێتە گوندەکەیان و دەست لەگەڵ کچانی گوندەکەیان تێکەڵ بکات . ئەو دەبوو بگوژرێت . بەڵێ لەپای ئەو نامەردییەی ئەو بەرانبەر بە ئێمەی کرد بوو، دەبوو بە سزای خۆی بگات . هەموو کورو کاڵی دێ وایانگووت . تەنیا کوشتن ئابرووی تکاومانی هەڵدەگرتەوە . ئەگەر نەگوژرێت، دەبێ تا ماوە سەری شورەیی و هەترەش چوومان لە ئاستی خەڵکان و دونیادا بەرز نەکەینەوە . چۆن لێ بگەڕێین هەروا بە ئاسانی بۆی دەرچێت و بڕوا .

من دان بەو ڕاستیەدا دەنێم کە یەکەمین قوتابی بووم کە وازم لە خوێندن هێنا و دوور کەوتمەوە . هەر بەوەشەوە ڕانەوەستام کورو کاڵی گوندم لە مامۆستا هاندا کە کەس منالانی خۆی بۆ قوتابخانەکە نەنێرێتەوە، بە بیانووی ئەوەی کە ناپاکی لە گوندەکەمان کردوە . من بە دوو چاوی خۆم هیچم لێ نەدیبوون . وە ناشزانم کە ئەو حیکایەتە کێ بڵاوی کردبۆوە و چۆن کەوتبوە سەر زاری خەڵکی . ئەوەندەی دەزانم کە ڕقی خەڵکانی گوند تادەهات تاوی دەسەند .

بەیانییەک کە تەنها مامۆستاکە بۆ خۆی لە قوتابخانەکەدا مابۆوە، بێ ئاگا بوو لەوەی کە لە گوندا چی ڕوو دەدات . کوڕ و کاڵی دێ وردە وردە بە تفەنگەکانیانەوە لەبەردەم دەرگای قوتابخانەکە کۆ بوونەوە . من چوومە ژورەوە و لە دەرگای ژورەکەیم دا . ئەو هێشتا لە خەو هەڵنەستا بوو . هەر وەک جارانی بە ڕوویەکی شیرینەوە دەرگای لێ کردمەوە و فەرمووی لێ کردم بۆ ژورەوە . بەڵام من پێم گووت کە کەسانێک لە دەرەوە چاوەڕوانی تۆن بێیتە دەرەوە . کە لە پەنجەرەی ژورەکەیەوە تەماشای دەرەوەی کرد، بینی خەڵکانێک بە تاقم و تفەنگەوە چواردەوری قوتابخانەکەیان تەنیوە، بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد، کە ئەو هەموو خەڵکە بۆ کوشتنی ئەو کۆبونەتەوە . هەندێکیان کورو کاڵی گوندەکانی تر بوون خۆیان گەیاندبوە ئێرە . هەر کە لەدەرگای قوتابخانەکە بە سەرو پرچی شێواو بە پێی پەتی ئاودیوی دەرەوە بوو، هەراو زەنای خەڵکەکە لە خۆشیان بەرز بۆوە . حەشاماتەکەش تا دەهات فراوانتر و فیقەی زوڕنا و زرمەی دەهۆڵیش وردە وردە بەرزتر دەبۆوە و دونیای دادەپۆشی .

هەموو چاوەڕوانی من بوون کە یەکەم گوللەی خۆمی پێوە نێم . ئەو بە دوو چاوی پڕ بەزەییەوە لە منی دەڕوانی و دەمی گوێ نەدەکرد . منیش خەیاڵێک دەیبردم و دەیهێنامەوە . ئەو ساتانەم دەهاتەوە یاد کە پێکەوە، پێدەکەنین و جگەرەمان دەکێشا . بیری ئەو یەکەم ڕۆژەم کەوتەوە کە باوکە کلۆڵەکەی بە تەنیا لەسەر پێخەفی مەرگ بەجێهێشت بوو .. ئیستاش ئەو ساتانەیم لە پێش چاوە کە من ئەوم بە نیگەرانی و مەلولیەوە لەسەر ڕێگاکە بینی کە چۆن خەم و کەسەر لوولی کردبوو .

خودایە ئەمە چ ساتێکە من تێی کەوتوم . ئەو پیاوەی کە دەستی دەگرتم و کێشانی یەکەم پیتەکانی فێر دەکردم، ژیانی کەوتۆتە بەردەم وشەیەکی منەوە . کە سیمای ئەوم دەبینی وەک کەروێشکێکی سڕ بوو لیی دەڕوانیم، کەروێشکێک تۆقیوو زەندەق چوو، ئەوەندەی تر وێرانی دەکردم . بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو .
ئەوە بە تەنیا وشەیەکی من نەبوو، کە ژیانی ئەوی لە مردن ڕزگار دەکرد، بەڵکو ئەو سووک و ئاسان کەوتبوە بەردەم تورەیی ئەو خەڵکەوە . من تازە پیاوێکی دەستە پاچە بووم لەوەی کە بتوانم ئەو لەو مەرگە ڕزگار بکەم کە درەنگ و زوو کەوتوە . لەو بەرەبەیانە زامدارەدا گوێ بیستی لێدانی دڵی خۆم دەبووم کە تا دەهات خێرا و خێراتر دەبوو . حەشامەتەکە تا دەهات گڕی دەگرت و تاوی دەسەند . ئەو گەنجانەی کە لەسەر پشکۆ بوون جار جار گوللەیەکان ڕووەو ئاسمان دەتەقاند و قوللەیەکیان دەکێشا . ئیدی من بۆم نەدەکرا شوێن هەستو سۆزی خۆم بکەوم و لەو پیاوە ورد ببمەوە کە ئەو هەموو هەڵبزرکانەش بۆی نەدەکرا ئەو ڕووە فریشتەییەی ئەو لە من بشارێتەوە . من گوللەی خۆم ئاڕاستەی ناوچەوانی ئەو کرد و ئیدی لە دوای منەوە هەزاران گوللە بەسەریا داباڕین . تا من ئاورم لێی دایەوە گیانی ئەو هەلا هەلا بوبو . شوێنێک لەسەر جەستە و لەشی ئەو نەمابوو گوللەی بەرنەکەوتبێت و خوێنی لێ نەتکێتەوە . وەک ئەسپێکی بریندار لە تاو زام و برین دەیحیلاند و سەرو گوێلاکی دەدا بە دار و بەردا و بۆی نەدەکرا ڕۆحی وێران و تێکشکاوی خۆی ئارام بکاتەوە .
کە تفەنگەکان گوللەیان تیا نەما، کوڕو کاڵی دێ هێشتا ئارام نەبوبونەوەو چاویان خوێنی تێزابوو کەوتنە هاویشتنی بەرد . هەرچی بەرد لەو گوندەدا بوو کۆیان کردوە و هاویشتیان .
لە هەموو لایەکەوە بەرد بارانیان کرد . سەر و گوێلاکیان بەبەرد کوتایەوە .. دیوارێک لە بەرد لە دەورو پشتی هەڵچنرا . ئیدی لاشەی ئەو لە نێوان بەردەکاندا نەدەبینرا و بۆ هەتا هەتایی شاردرایەوە .
من هەمیشە تاڵاوی ئەو کوشتنە دەچێژم، خوزگە ئەو ڕۆژە دەستبەرداری ئەو کارە بومایەوە و ڕێم لە کوشتنی ئەو پیاوە بگرتایە کە بێجگە لە خۆشەویستی، هیچ زیانێکی بۆ ئێمە نەبوو . یان هەر هیچ نەبوایە هاوبەشی کوشتنەکەیم نەکردایەو ویژدانی خۆمم ئاسودە بکردایە .
بەڵام من تازە تا ئەمرم ئەو تاوانە وا بە شوێنمەوە و بەردەوام لێم نابێتەوە، تاوانێک کە دواجار زانیم کچێکی مارە کراو و پیاوێکی شەرافەتمەندم تیا وێران کردوە، تاوانێک ئەگەر من نەبوومایە ڕەنگە لە جێی ئاهەنگی کوشتن دوو مرۆڤ و دوو عاشق لێرەدا زەماوەندیان بگێرایە .

گوللەکان لە هەموو شوێنێکەوە ئاڕاستەی سەر سنگ و گیانی من دەکران . گوللەیەک و دوان نەبوون .. تفەنگێک و دوان نەبوون .. پیاوێک و دوان نەبوون .. هەزاران گوللە کە وەک باران بەسەر مندا دائەبارین . من بەم لاو لادا دەکەوتم و گوللەکان بەر گیانم دەکەوتن . لولەی تفەنگەکانم دەبینی سیلەیان لە من دەگرت . ئەوانە تفەنگێک و دوان نەبوون بەڵکو هەزاران تفەنگ، هەزاران گەنج و منالّی ئەو گوندانە بوون، کە خۆشیان لە تفەنگ و چێژیان لە کوشتن دەبینی . هەندێکیان هەر ئەو گەنج و منداڵانە بوون کە قوتابی خۆم بوون و ڕوژێک لە ڕۆژان من وانەم پێ گوتبوونەوە و هەوڵم دابوو لەو تاریکی و نەزانینە قوتاریان بکەم کە تیا دەژیان .

من لەناو ئەو هەموو بارانی گوللانەدا، نەمدەویست لە دووری تۆ بمرم . مردن دور لە تۆ بۆ من زۆر کاریگەر بوو . هەرچۆنێک بوو هەوڵم دەدا بۆ دواین جار تۆ ببینم .. خودایە ئەوەندەم هێز بدەرێ کە لەناو ئاپۆرای ئەو خەڵکەدا بیدۆزمەوە . ڕوخساری ئەو کە بە لای منەوە جوانترین و میهرەبانترین ڕوخساری دونیایە .
لە ناو ئاپۆرای خەڵکەکە، لە نێو ئەو غەڵبە غەڵب و هەرایەدا دۆزیمەوە، حەپەسا بوو . بڕوای نەدەکرد ئەو گوللانە ئاراستەی سەر سنگ و گیانی من دەکرێن . بە ماکسیەکی برۆنزییەوە لە تەنیشت دایکە بەدبەختەکەی ڕاوەستا بوو . فرمێسک لە چاوەکانی دەچۆرا و ڕومەت و لاملی خۆی دەڕنییەوە .
ئەو بەیانییە من هەر چاوەڕوانی تۆم دەکرد، ڕوخسارم نابوو بە شوشەی پەنجەرەکەوە و تەماشای ڕێگاو بانم دەکرد، دەرکەویت . چاوەڕوانی دیاری تۆ بووم کە لەپڕ لەگەڵ دەرکەوتنت تەمومژ لەسەر ژیان و مانی من برەوێنێت .
من عاشقی تۆ بووم، من هەمیشە حەزم دەکرد لە سپێدەدا بە ئاگا بێم تا هەموو ڕۆژێک یەکەم دەرکەوتنت ببینم .. هەموو دەرکەوتنەکانی بەیانیانت .. ئەوکاتانەی کە دونیا ڕۆشنەو لە ژێر تیشکی خۆرا وەک پارچە زێڕێک دەدرەوشێیتەوە .. یان ئەو بەیانیانەی کە هەموو دونیا لە ناو تەمومژا ونە و لەپڕ تۆ وەک مامز دەردەکەویت و ژیانی من دەخرۆشێنیت .
من خەیاڵم لای ئەو هەزاران لولەی تفەنگە نەبوو، کە نیشانیان لە من دەگرتەوە و ڕق و تورەیی خۆیان لە منا خاڵی دەکردەوە . تەنیا خەیاڵم لای تۆ بوو . کیژۆلە لاواز و قژ زەرد و تەنیاکەم . ئەوەتا من دواین هەناسەکانی خۆم لەم ژیانە پڕ لە گرفتارییەدا هەڵدەکێشم و هەرچی دەکەم ناتوانم خۆشەویستی تۆ لە دڵ و ناخم دەرکەمە دەرەوە . ئەوەتا من دەمرم و هەموو گیانم خوێنی لێ دەتکیتەوە، کەچی من هەر یادم لای تۆیە و بۆن و بەرامی زوڵفەکانت ڕۆحی پڕ کردووم لە بۆنی گوڵ .
تا دەهات هێز لە گیان و لەشی مندا نە ئەماو خوێن لە سەرتاپا لەشمەوە دەچۆرایەوە .
من بوبومە پارچەیەک لە خوێن،پیاوێکی خوێناوی .. پیاوێک لە خوێن .. لەو بەیانییە جوانەی کە دونیا دەبوو سیحرو ئەفسونی خۆی بڵاو بکردایەتەوە ئەوەتا من بەدەستی دۆستەکانی تۆ دەگوژرێم و سوور سوور .. سوور دەچمەوە . دەوەرەو دەستت لەسەر برینەکانم دانێ، تا چیدی ئازار و سوێ خۆی نەخزێتە ناو ڕۆحمەوە .
خۆشم نەمدەزانی ئەو هەموو خوێنە لە کوێوە هات . دەریایەک خوێن لەو چاڵانەوە دەهاتنە دەر

که گوللەکان لەسەر لاشەی من جیان هێشتبوون .
-( دواین گوللەی پێوە بنێ با ئەو سەگە گیانی دەرچێت ) .
( دەڵێی پشیلەیە، ئەو گاور بابە حەوت ڕۆحی هەیە ) .
( سەگباب خیانەتی لێکردین، بە ناوی فێرکردنی مناڵەکانمانەوە چاوی لە کچ و ژنەکانمان بوو ) .
(نامرێت .. نازانم بۆ نامرێت ) .
ئەی خودایە چۆن لێدەگەرێی ئەم بەندەیەی خۆت کە دڵی تەنیا جێی خۆشەویستی تیا دەبێتەوە
ئاوا سوک و ئاسان گیانی لە خوێن هەڵبکێشرێت .
دەمویست تا دوا چرکەکانی ژیانم ئەوم لەبەر چاو بێت . گیان لەسەر بینینی دوا نیگاری ئەو و ئەو لێوانەی کە گریان و خۆ رنینەوە هەڵیبزرکاندون، کە من تەنیا بزەکانیم تۆمار کردون و لە دڵما هەڵمگرتوون، دەرچێت .
دەمویست نەکەومە سەر ئەرزەکە و هەر بە پێوە بمێنمەوە تا بۆ هەتا هەتایی چاوم لە باڵا و
نیگاری ئەو بێت .. نیگاری خۆشەویستەکەم . چەند سەختە مردن و دورکەوتنەوە لەو . بەڵام
لەگەڵ ئەوەشدا بەختیار بووم کە تا ئەو کاتەی هێز لە چاوەکانمایە و پێیەکانم بەرز و بڵند
بە پێوە رایانگرتووم چاوم لە باڵا و قژی خاوی ئەوە و چاوم لە چاوەکانی ئەو نا بریت .
هەوڵم دەدا تا بۆم بکرێت بەرەو لای ئەو بڕۆم . ئەگەر چی گوللەکان کەمتر ببونەوە و
چاوەڕوانی من بوون کە بکەومە زەوی و ڕۆحم دەرچێت . بەلام من نەئەمردم و هێشتا کەمێک
هێز و گورم تیا مابوو کە بتوانم خۆم بگەیەنمە لای ئەو و بۆ دواین جار لێوەکانی تێر تێر ماچ
بکەم .
من دەڕۆم و لەگەڵ خۆما هەموو یادەوەرییەکانت زیندوو ڕادەگرم، وتەکانی تۆ لە ناخما دەپارێزم
من دەڕۆم و ئەم گوندە و ئەم دونیایە جێدەهێڵم بەڵام نیگاری تۆ، سوتانی تۆ، لەناو دڵمایە .
( بڕۆ سەر تەوقی سەری و گوللەکان بنێ بە مێشکیەوە ) .
( ئەم دایک قەحبەیە نامرێت ) .
-( مەهێڵە لە خەڵکەکە نزیک بێتەوە، کەللەیی بووم بیگوژن ) .
من هەر بەرەو ڕووی مەحبوبەکەم دەڕۆیشتم، دەمویست هەرچی زووترە خۆم بگەیەنمە ئەو . تۆ
بڵێی ئەو بزانێ کە من دەمەوێت بۆ دواین جار دەستەکانی بگوشم و پێم خۆشە لە باوەشی ئەودا
بمرم . ئای خودایە، ئەوەندەم ورە بدەرێ کە بگەمە لای ئەو . لە پڕ بیرکردنەوەیەک خۆی خزاندە
ناو مێشکمەوە و تا دەهات زیاتر بە خۆیەوە خەریکی دەکردم . ئەوە من دواین هەناسەکانی خۆم
هەڵدەمژم و ئیستا نا تاوێکی تر مردن بە ئێجگاری بەرەو لای خۆیم ڕاپێچ دەکات و ئیدی دەچمە
ناو نەبوونەوە . ئەوەتا بە گیانێکی شەکەت و ماندووەوە، لە کوێرە دێیەکی دوور لە شارستانی و
دوور لە دنیا سەر دەنێمەوە و مردن لەگەڵ خۆیم دەبا . چۆن حیکایەت و چیرۆکی مەرگ و
ژیانم، عەشق و ئەویندارییم، خەبات و ماندوو بونم لە پێناو وشیار کردنەوەی مندالانی
نیشتمانەکەم بۆ تۆ بگێرمەوە .